سەکۆی هزر
گۆڤاری ئەلیکترۆنی

3
ساڵی یەکەم هاوینی - ٢٠٢١

# سەکۆی هزر

## گۆڤارێکی ڕۆشنبیری هزری و ئەدەبییە

ئەم بڵاوکراوەیە لەلایەن کۆمەڵێک گەنجی ڕونبیری خۆبەخش
سازکراوە کە هەموو مانگی جارێک بەشێوەی (pdf)
ژمارەیەک دەخاتە بەر بینایی خوێنەران.

### گەشەپێدان

- گرنگی هاوڕێیەتی
- ئایا دەبێت شەرم لە خوێندنەوەی کتێب بکەم؟
- ڕۆشنبیری تاکی سەردەم
- مەرگ و مەردژیان

### ئەدەب-شیعر


- ژن
- یەکەمین ژوانی من لە نێو داستانی مەرگ

### ئەدەب-لێکۆڵینەوە

- دیوی دووەمی چیرۆکی ژنێکی سۆزانی
- مێژوویەک لە خوێنساردی تاکی کورد بەرامبەر کتێب و ڕۆژنامە

### ئەدەب-گێڕانەوە

- شاڵی تاتار
- کتێبخانە و من






فایلێکی تایبەت بە
شاعیر و نووسەر
تەڵعەت تاهیر

# سەکۆی هزر
گۆڤاری ئەلیکترۆنی

## خاوەن ئیمتیاز:
دێرین کەمال چاوشین

## سەرنووسەر:
ئەحمەد زرار

## بەڕێوەبەری نووسین:
ئەحمەد ستار

## بەشی هونەری و دیزاین:
سەرخێڵ عومەر

موئمین قدووس

## نووسەرانی ئەم ژمارەیە:
هاوڕێ حەمەدەمین قادر

ئەحمەد ستار

موحەممەد مەجید

دێرین کەمال چاوشین

سەلیم عوسمان

کەویار موحەممەد

سەهەند نالی

کارۆ کاوە

ئەحمەد زرار

هاوڕێ باخەوان

گۆڤاری ئەلیکترۆنی سەکۆی هزر

دەتوانن لەڕێی ئەم ئیمێڵەوە بابەتەکانتان ئاڕاستەی گۆڤارەکەمان بکەن

sakoyhzr@gmail.com

# پێڕست

## پێرست

### لە بری سەروتار/

### گەشەپێدان/

- گرینگی هاورێیەتی / هاورێ حەمەدەمین قادر

- ئایا دەبێ شەرم لە خوێندنەوەی کتێب بکەم؟ / ئەحمەد ستار

- رۆشنبیری تاکی سەردەم / موحەممەد مەجید

- مەرگ و مەردژیان / دێرین کەمال چاوشین

### ئەدەب-شیعر/

- ژن / سەلیم عوسمان

- یەکەمین ژوانی من لە نێو داستانی مەرگ / کەویار موحەممەد

### ئەدەب-لێکۆڵینەوە/

- دیوی دووەمی چیرۆکی ژنێکی سۆزانی / سەهەند نالی

- مێژوویەک لە خوێنساردی تاکی کورد بەرامبەر کتێب و رۆژنامە / کارۆ کاوە

### فایلێکی تایبەت بە شاعیر و نووسەر تەڵعەت تاهیر/

- ژیان نامەی تەڵعەت تاهیر

- چەند پارچە شیعرێک لە شیعرەکانی تەڵعەت تاهیر

- تێکستێکی کاک دڵشاد عەبدوڵلای شاعیر بۆ تەڵعەت تاهیری شاعیر

- لێکۆڵینەوەیەک سەبارەت بە دەقێکی شیعری تەڵعەت تاهیر

- دیمانەیەک لەگەڵ تەڵعەت تاهیری شاعیر

### ئەدەب-گێڕانەوە/

- شاڵی تاتار / ئەحمەد زرار

- کتێبخانە و من / هاورێ باخەوان

# لەبری سەروتار



## له بری سەروتار

ڕووناکی عەقڵ و زانست سەرەتا دەبێت ناخی خۆمان ڕوون بکاتەوە تا ئەو کەسانەی لە تاریکی و نەزانی دان ، بمانبینن ، ئێمە دەبێت هەموو شتێک بە ڕاستی و دروستی وەڵام بدەینەوە . "لە دایک شاکاری ماکسیم گۆرکی " بۆیە پێویستە بۆ هەرکارێک و گەیاندنی هەر پەیامێک ڕەنگدانەوەی لە سەر خودی خۆمانەوە هەبێت ، ڕاستگۆ بین لەگەڵ ئەو پەیامانەی نیازمانە بیگەیێنین . مرۆڤی ژیر هەمیشە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە بزانێ چ وتەیەک یان چ شتێک بە کەڵکە بۆی تاوەکوو دەستەبەری بکات یان بەدەستی بهێنێت ، بۆ ئەوەی دواتر سوود لەم پەند و ئامۆژگاریانە وەربگرێت بیکات بەرێبەرێک بۆ ژیانی ڕۆژانەیان . بۆیە زۆر کەس هەیە ژیانێکی کەمی بووە بەڵام پڕ لە بەهاداری بووە " کەم ژیاوە کەڵ ژیاوە " ئەم مرۆڤانە ئەوانەن کە گوتەو وتارەکانیان لەکتێب و گۆڤارو بڵاوکراوەکاندا دەنووسرێتەوە بە بەردەوامی ، لە لایەن زۆر گەنج و لاوەکانیش کراونەتە ڕێبەری ژیان و ئەزموونیان لێوەردەگیرێ . ئەوەی جێی باسە گۆڤاری " سەکۆی هزر " لە سەرەتا تەنها بیرۆکەیەک بوو . بەڵام خۆشبەختانە دوای کارکردن و هەوڵی بەردەوام لە ماوەیەکی کەم دا توانی خزمەتێکی باش بەخوێنەران بگەیێنێت ، دەرگایەک واڵا بکات لەبەردەم کۆمەڵە نووسەرێکی گەنجەوە کە عەشقی نووسینن و لە هەوڵی دەرفەتێک دابوون پەیامەکانیان بگەیێنن ، ئەمڕۆ گۆڤاری سەکۆی هزر بۆتە سەکۆیەک بۆیان ، هەنگاو بەهەنگاو بەرەو پێشچوونی زۆر باش بەخۆیەوە دەبینێت ، لەگەڵ دەرچوونی هەر ژمارەیەکی نوێ جیاواز لە ژمارەکانی پێشووتر دێتە بەر چاو ، ئەمەی ئێستا ژمارەی سێیەمی گۆڤاری " سەکۆی هزرە " بەهیوای ببێتە جێگای سوود بۆ هەموو لایەک ، ڕەخنەو سەرنج و بۆچوونەکانتان ، دەبێتە هاندەرێکی زۆرباش بۆ گۆڤارەکە تا ئەوەی کارەکانی بە شێوەیەکی وردترو باشتر ئەنجام بدات .

**ئامانج ئەنوەر**

# گەشەپێدان



## گرنگی هاوڕێیەتی

هاوڕێیەتی، پێوەندێکی کۆمەڵایەتیی نێوان دوو کەس یا زیاترە، لەسەر بنەمای تێگەیشتنی هاوبەش دروست دەبێت .ئەو دوو کەسە وێڕای ئەوەی برا و خزم نین، یان بەرژەوەندییەکی ئابووری لە نێوانیاندا نییە، کەچی بە تەواوی لەیەک تێ دەگەن و دەتوانن ناخیان بۆ یەکتری بکەنەوە .هەڵبەت ڕەنگە ئەو دوو کەسە پێوەندی خزمایەتی یان کاریش لە نێوانیاندا هەبێ، بەڵام کاتێک دەبنە هاوڕێ، ئەم خاڵە پێش تەواوی خاڵەکانی تر دەکەوێ .مرۆڤ بوونەوەرێکە ناتوانێت بێهاوڕێ بژی . پێویستی هاوڕێ، یەکێکە لە پێویستییە هەرە سەرەکییەکانی ئینسان .پێویستییەک کە ناتوانین وازیلێبهێنین‌و زەحمەتە بەبێئەو بتوانین بژین .لە ژیانی هەر مرۆڤێکدا هاوڕێیەتی ڕووبەر و پانتاییەکی گرنگ داگیر دەکات .ئەگەر ئینسان بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی بێت، ئەوا بەشێکی گەورەی ئەو کۆمەڵایەتیبوونەی لە هاوڕێیەتی پێکدێت .واتە هاوڕێکانمان بەشدارن لە کردنی ئێمەدا بە بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی .بەڵام هاوڕێیەتی بەشێکی ئێجگار تایبەتی بوونی کۆمەڵایەتییانەی ئینسانە . کۆمەڵایەتیبوونی ئینسان پیشان دەدات واتە :سڕینەوەی بڕێکی زۆری تایبەتمەندییەکان .بەڵام هاوڕێیبوون لەوکاتەدا کە دەمانکاتە بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی، لەهەمانکاتدا دەمانکاتە بونەوەرێکی تایبەتیش .ئینسان هاوڕێی بۆ ئەوە ناوێت ببێت بە بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی بە تەنها، واتە ببێت بە بەش و ئەندامی ئەم، یان ئەو گروپی کۆمەڵایەتی .کاری هاوڕێیەتی ئەوە نییە بمانکات بە کەسێک وەک زۆربەی کەسەکانی دی، بەڵکو بەپێچەوانەوە، هاوڕێیەتی بۆ ئەوەیە ئینسان هەست بەوە بکات کە تاکەکەسێکی تایبەتە .هاوڕێی ڕاستەقینە هەستکردنت بە ئینتما زیاد دەکات، وا دەکەن کە هەست بەوە بکەیت کە ژیان ئامانجی هەیە، هەستکردنت بە خۆشی و دوورکەوتنەوە لە دڵەڕاوکێ زیاد دەکات، متمانەت بە خۆت و ڕێزگرتنت لە خۆت زیاتر دەکات و یارمەتی خۆگونجاندنت لەگەڵ شۆک و ڕووداوە سەخت و کتوپڕەکان دەدات، وەک : جیابوونەوە و تووشبوون بە نەخۆشی ترسناک یان لەدەستدانی پیشە وەیا لەدەستدانی کەسێکی ئازیز، جگە لە هاندانت بۆ دوورکەوتنەوەی لە ڕەوشت و ڕەفتار و خۆ نا تەندروست.

هاوڕێ حەمەدەمین قادر



## ئایا دەبێ شەرم لە خوێندنەوەی کتێب بکەم؟

بە داخەوە ئەمڕۆ لەنێو کۆمەڵگەی کوردی بە تایبەتی لە نوخبەی گەنج و لاواندا، خوێندنەوە چ بە مانای وشە چ بە کردار، دەستەواژەیەکی نامۆ و فەرامۆشکراوە و مایەی پێکەنینە، خوێندنەوە لەنێو گەنجاندا بە تایبەتی قوتابیان لە ئاستێکی زۆر نزم دایە .گەر بێت و کار لەسەر ڕێژەی خوێنەر بکەین لەنێو گەنجان و قوتابیان؛ بگەین بە ئەنجام و، ڕێژەیەک دەربچێ دڵنیام لە ١٠٪ دەردەچێ، بەداخەوە لەنێو قوتابخانە و زانکۆکانیش گرینگی پێ نەدراوە، نەک قوتابی بگرە مامۆستاکانیش نەخوێندەوار تاریکبیرن .سەرەڕای ئەوەی کە خۆیان مێگەلێکی غەرقی نەزانینن، گاڵتە بە خوێنەر دەکەن . خوێندنەوە و کۆڕ و سیمینار و هەر کارێکی سەقافی و مەعریفیش لای ئەوان مایەی گاڵتەجاڕییە. گەر بێمە سەر جەوهەری بابەتەکەش کە ئایا من یان تۆ یان ئێوە پێویستە شەرم لە خوێندنەوە بکەین؟ نەخێر خوێندنەوە شادت دەکات، بە دونیای وێژە و زانست .خوێندنەوە ڕەوشت و کردارت بە فلتەردا دەبات .بۆچی دەبێ کارێک کە سوودی هەیە و دەبێتە هۆی گۆڕانکاری ببێتە مایەی شەرممان ئەی بۆ شەرم لە بێڕەوشتی نەکەین و، بە کارێکی ئازایانەی بزانین؟ بۆ شەرم لە کردار و گوفتارە ناشرینەکان نەکەین؟ تاکی خوێنەر پێویستە خاوەن ئیرادە بێ، کارێک گەر سوودی هەبوو، چوونت بۆ شوێنێک سوودی هەبوو؛ جا چ سوودی کەسی یان، گشتی؛ شەرمی لێ مەکە، ئازایانە بیکە . قوتابیان و خوێندکاران پێویستە دەستپێشخەری یەکەم بن و خوێندنەوە بکەن بە کردارێکی ئاسایی، با خوێندنەوە جێگای شانازی بێ، نەک شەرم کردن . پێوستە ڕێکخراوە کۆمەڵگەییە مەدەنییەکان ئەولەویەتی بەرنامەی کاریان چارەسەرکردنی ئەو دیاردەیە بێ .

ئەحمەد ستار



# ڕۆشنبیری تاکی سەردەم

له سالآنی جەنگی یەکەمی جیهانی تاوەکوو (٢٠٠٥ ـ ٢٠٠٦) چەمکی ڕۆشنبیری ئەوەی دەگەیاند کەوا کەسێک خوێندەوار بێت و بیرە فەلسەفی و مەعریفییەکان لێک بداتەوە، بەهۆی خوێندەوارییەکەیەوە. ئەمەش شتێکی نامۆ نەبوو چونکە هەمووان دەزانین بەرهەمی خوێندن و خوێندەواری بریتییە: لە بەدەستهێنانی زانیاری زیاتر و خستنەگەڕی ئەقڵی مرۆڤ بۆ جیاکردنەوەی کردەوەی مرۆڤەکان و ڕیزبەندی کردنی چاکەکان بۆ خراپەکان و بە پێچەوانەشەوە. ژیان خۆی جەخت لە بوونی فەلسەفە و لۆژیک دەکاتەوە دەبێت مرۆڤیش لەسەر هەمان بار خۆی ڕابهێنێت (بیرکردنەوەی لۆژیکانە و مەعریفیانە) تاک تاوەکوو تەمەنی بەرەوپێش بچێ کۆمەڵە پرسیارێک لە مێشکی گەلاڵە دەبن و بەدوای وەڵامی مەنتیقدا دەگەڕێ، پرسیاری من ئەوەیە: ئایە چەمکی ڕۆشنبیری ئەم سەردەمە و ئەو سەردەمەی باسمان کرد هەمان جۆر پێناسە دەگەیەنێ؟ یاخود پێناسەی تری بۆ دەبێ؟ من لەم کورتە وتارەدا جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە، دوو سەردەمی جیاوازن. بەڵام ڕام وایە کۆمەڵێک بیر و قسەی جیاواز لە مێشکی خوێنەران دروست دەبێت کەوا جیاوازی ئەم دووسەردەمە دروست کراوەی من چییە کە باسیان دەکەم! ئەم سەردەمەی خۆمان تێیدا دەژین وا هەست دەکەم چەمکی ڕۆشنبیری زۆر جیاواز تر خۆی دەردەخا، لەوەی پێشوو. هۆکارەکەشی بۆ چەندین خاڵ دەگەڕێنمەوە یەک لەوان ئاشنابوونی کۆمەڵگای کوردی بە کۆمەڵگای کراوەی بیانی ئەمەش دوور بوو لە کلتور و داب و نەریتی ڕەسەنی کوردی، یاخود پەیدابوونی تەکنەلۆجیای سەردەم بێئامادەکاری کۆمەڵگای کوردی بۆ ئەم پرسانە ڕاستەوخۆ ئاشنای بوون، کۆمەڵگای کوردیش ڕاستەوخۆ بەرەو ئاشنابوونێکی خراپ بەرەو ڕوو بەوە. من هەردەم لەگەڵ پێشکەوتن دام، بەڵام دەکرا بە جۆرێک و هێدی هێدی کۆمەڵگای کوردی بەرەو ئەم پێشکەوتنانە بڕۆشتایە، خوای گەورەش هەرگا بیەوێ پەیامێکی تازە و پەیامبەرێکی تازە بۆ نەتەوەیێ ڕەوانە بکا ئەوا وردە وردە کۆمەڵگاکەی ئاشنا دەکرد بە دەستور و یاسا تازەکان کە پەیامبەری پێشوو پێی نەبووە بۆنموونە: نەوەکانی ئیسرائیل پاش ئەوەی لە دەریای سوور پەڕینەوە پاشان خودا دەستوری تەوڕاتی دا بە پەیامبەر مووسا ئەمەش بۆ دوای دە ساڵ دەگەڕێتەوە لەوکاتەی پەیامبەر موسا لەناو نەتەوەکەی بوو لەم سەردەمەی خۆمان تێیدا دەژین چەمکی ڕۆشنبیری ئاڕاستەیەکی تری وەرگرت ئاراستەکەش ئەوەنییە کەوا کەسی ڕۆشنبیر خوێندەوار بێت بەڵکو دەکرێت کەسێک لە بارێکی ئاسایدا بێت، بەڵام ئەو لەوپەڕی ڕۆشنبیریدا بێت بەجۆرێک چەمکە تازەکە ئەوەیە: (ئەمر بە چاکە و ڕێگری لە خراپە) کە ئەمیش فەرمانی خوای گەورەیە چونکە لە مەزهەلەی ئێستای کۆمەڵگا و

بەکاربردنی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بەم جۆرەی کە هەیە باشترین چەمکی ڕۆشنبیرییە. ناڕۆشنبیرییەت لەناو تاکەکاندا زۆر بەربڵاوە هەموو وا ژیان دەکەن کە بەهەوەس هاتونەتە بوون. تاک دەبێت ڕۆشنبیر بێت لەڕوی ئاینەکەی، کلتوری، نەتەوەکەی، وڵاتانی دراوسێی، زمانە جیهانییە پێشەنگەکان، تەکنەلۆژیای سەردەم، بابەتە سەردەمییەکان، لەهەمووی گرینگتر دەبێت ڕۆشنبیر بێت لە فەلسەفەی ژیانکردن ( بۆ هاتووین؟ لەپێناو چی؟ ئەرکمان چییە؟) ڕۆشنبیری بوون لەم هەموو چەمکانەی باسمان کرد لە سەردەمی ئێستا زۆر بە کەمی درکی پێدەکرێت بەتایبەتی لای توێژی لاوان، لەهەموو کۆمەڵگە جیهانی و ئیسلامییەکانیشا گەنج لەبەرەی پێشەوە دەبن: ( کاتێک پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) پەیامی خودای بڵاو کردەوە چواردەورەکەی سێ لەسەر چواری گەنج بوون) هەڵەیەکی گەورە لە بارەی ڕۆشنبیری تاک لە کۆمەڵگای کوردی بەرەو (الحاد) چوونە کە زۆر دوورە لە چەمکی ڕۆشنبیر بوون.

موحەممەد مەجید



## مەرگ و مەردژیان

فەرهاد پیرباڵ لە کتێبی( قەبرێکی سێگۆشە) دەڵێت:- ئەگەر لە سۆنگەی لەسەر حەق بونت، تۆ هیچ کەسێکت نەما خۆی بە کەسی تۆ بزانێت، یان ئەگەر تۆ خۆت بە ویستی خۆت دەستت لە هەموو کەسەکانت هەڵگرت چونکە نەیانویست لای حەق بگرن؛ ئەوا مسۆگەر خوا لە داهاتوودا هەموو کەسێک والێدەکات ببن بە کەست.کەسە ڕاستەقینەکانیشت، کە تۆیان فڕێدابوو، خۆزگە دەخوازن ببنەوە کەست. گرنگە مرۆڤ باوەڕی بە خودا هەبێت، لەوە گرنگتر ئەوەیە باوەڕی وابێ: کە خودا هەمیشە حەقە و کەسانی لەسەر حەق ئازاردراو لەبیر ناکات، ئەو پشتیان بەرنادا، حەقیان وەردەگرێ لێرە یاخود لە قیامەت. لە ڕێگای ڕاست و چاکە خوازی، هەرگیز کەم و زۆر یان گەورە و بچووک بوونی نیە. خۆت بسازێنە لە بچوکترین بابەت چاکەکار و حەقکردە بیت تا دەگاتە گەورەترین بابەت بێگومان بە لەوەی حەق ژیان تەنگ و تەسکی زۆری تێدایە، ڕووبەڕوو بونەوە، دژایەتی، ئازار، خەم و خەفەت.، بەڵام لە ناخەوە ئاسودەییەکی زۆر گەورە فەراهەم دەبێ، کاتێک تۆ دەزانی زۆربەی ئەوانەی تر لەپێناو بەدەستهێنانی چەند شتێکی کاتی یان چەند شتێکی بەردەوامی بێ شەرمانە، خۆیان بەری کردووە لە وشە و کردەی حەق و چرکە بە چرکەیان لە ناحەقی بەسەر دەبەن، تۆش چۆکت بۆ هیچ دەستکەوتێکی نا شایستە دانەداوە و حەق لەلای تۆ گەورەترین ئیمتیازە، خۆی لەخۆی دا ئەوە بارتەقای هەموو ئەو ناخۆشیانە گەورەییە کە تۆ لەپێناو حەقدا دەیچێژی. گومان نیە لەوەی تۆ بە ویژدانێکی ئاسوودە و ئازایەتیەکی بێ وێنە و پڕ یەقین ژیان دەکەی، ئەوانەشی لایانگیری ناحەقیان کردووە، جگە لە هەموو شتێک، ئازاری ویژدانیان تەنگی پێ هەڵچنیون. هەرگیز مەڵێ من کەمم، لەوانەیە تۆ بتوانی چەند کەسانێک والێبکەی کە حەقبێژ و حەقکردە بن. ئەوەش بۆخۆی سەروەریەکی گەورەیە، لەوانەیە لایەنگرانی حەق و چاکەخوازان بەری بن لە هەندێک لە خۆشیەکانی ژیان بەڵام بۆ ئەبەد خۆشەویستن لە دڵی خوا و خەڵکیدا.

**دێرین کەمال چاوشین**

# أدب – شعر



# ژن

دەزانی تریفەی ئەوین لە چاوانی تۆ دەبارێ؟
مەلی بزەی خۆشەویستی دەڵێن:
تەرەی هێلانەیە؛ لە لێوانی تۆ دەتارێ .

لەوڕۆژەوە بووی بە کاڵا،
لەودەمەوە بووی بە ژن و،
هەرچی فتوا و چی بڕیاری
بنەماڵە و عەشیرەت و کۆمەڵگەیە،
وەکوو لێزمە،
وەک ڕەهێڵە وەکوو کولەی نەگبەتی و شووم
بەسەر ژیانتانا دەبارێ ..

دە پێم بڵێ :با بزانم لە کام خمخانەی مێژوودا،
لە یاسای ئێستاکە و زوودا،
لە دێڕی کام دەقی پیرۆز
لە کام تەوڕات و ئینجیلا

وەکوو مرۆڤ سەیرت دەکەن؟

من نازانم من و تۆ بۆ لەیەک ناچین؟
مەگەر تۆش بوونەوەرێ نی،
وەکوو ئێمە خواپێداو،

خاوەن ئەقڵ و خاوەن جەستە و

خاوەنی چاو؟

ئەی نازانم بۆچی بوویتە غەنیمی شەڕ؟

بویتە ـ سەرچاوەی ئارەزووی

کڵی دڵی نێڵدراوی

لە فتوای توند، پیاوی بەدفەڕ؟

لێرە تا دەمری کەنیزە بە، جارییە بە؛

ورتەت نەیە!

لەولاش فریشتە و پەری بە،

کۆیلاییەتی

بەردابیەتی مافی خۆتە هەتا دەژی.

دەبێ نێچیری ماشەڵی حەز و خۆزگە و

ویستی دڵی پیاوانێکی چاوچنۆک بی.

ئاخر تاکەی سستی و پەستی

دە ڕابە دەی..

تۆش مرۆڤ نی؟

بۆچی دەبێت هەست نەزۆک بی؟

**تێبینی**: ئێستا پەشیمانم لە نووسینی ئەم شیعرەم.

**سەلیم عوسمان**



## یەکەمین ژوانی من لەنێو داستانی مەرگ

لە داستانێکی تەمەنم،

چڕ و پڕ لە :دڕکی بێئومێدی.

سەیری ئاوێنە شکاوەکەی بنمیچی دۆڵەکەم دەکرد

بە دوای جلێکی ئاوریشمی دەگەڕام،

تا گورگە چاوڕەشکانی پێ ڕازی بکەم.

ئەنگوستیلەیەک لە شێوەی جگەر.

دەمویست خۆم بکەم بە کیژۆڵەیەکی کابان.

کوپێ قاوە لە شێوەی خوێن و ڕۆنی تێکەڵبوو .

وای بۆ دەچووم کە هی ژنە مۆمیاکراوەکان بێت،

دەستم بۆی بردو، لە ناچاری تێنوویم، خواردمەوە.

هەرزوو پەنجەکانم گرژ بوون و،

هەستی بوون بە ـ شاژن

دنیای تەنیوی منی داپۆشی!

ئاوازێ قوڕگمی پڕ دەکرد و

گۆرانیم وت :لای،لای،لای!

کوندەپەپوویەک سەرنجی دەدام.

وەک فلمە بێزارکەرە سینەمایەکانی

سالآنی هەشتا خۆم دەهاتە بەرچاو .

نامەوێ دێڕە چرچەکانم درێژ بکەمەوە.

لە کۆتا شەمەندەفەری هەستەکانی ئەم داستانە:

سەرنشینێک لە پەنا دەرگا دانیشتوەو

ئێژێ :من تەنێ منداڵێکی فڕێدراوی دوو باوک و

دوو دایکی ڕۆژئاوام.

پارچەیێ لە قژە خورماییەکەم دەبڕم و

فرمێسکە ژیلەمۆکانی دەسڕم.

لای ئەڕۆم .

چون من وشەیەکم نییە

ئازارەکانی پێ کاڵ بکەمەوە.

دامێنە سپییە قوڕاوییەکانم لە دوامەوە

نەخشەی بێدەنگیم دەکێشن

بەدیار ڕۆیشتنمەوە دەستم بەرز دەکەمەوە

شل

شل

وەک سۆفییەکان،

وەک ئاوێکی شێلو بەرەو کانی خەو،

بەڕێ دەکەوم.

بە ئاوازە ڕەقەکانی دەنگم

باڵندە و پشیلە و سەگی سەر شۆستەکان:

بێزار دەبن و، گوێیان دەگرن .

من هیچ ناوەستم و، ئەسڵەن باکم نییە!!

تنێ دەمەوێ خۆم غافڵ بکەم،

هەتا داستانی ئەم ڕۆحە

دەڵێ :ششش، بخەوە !

کەویار موحەممەد

# ئەدەب - لێکۆڵینەوە



## دیوی دووەمی چیرۆکی (ژنێکی سۆزانی)

چیرۆکی (ژنێکی سۆزانی) لە نووسینی (موحەممەد سەرابی)یە، لە گۆڤاری (باران) ژمارە (14ـ 15) بڵاوکراوەتەوە، ڕووداوەکانی چیرۆکەکە لەوە دەست پێدەکات کاتێک چیرۆکگێڕەوە، کە چیرۆکنووس لە هەمان کاتدا خۆی کارەکتەرێکە لە چیرۆکەکە بە گێرانەوەی چیرۆکگێڕەوی (کەم شتزان) ڕووداوەکان دەست پێدەکات، کاتێک چیرۆکگێڕەوە لە شەوێکی بەفر و باراناوی ساردەوە خۆی دەکات بە مەیخانەیەکدا، دەچێتە سەر مێزێکی مەیخانەکە دادەنیشێت، لەو کاتەدا ژنێک کە لەو مەیخانەیە کار دەکا و لێی نزیک دەبێتەوە. پیشنیازی بۆ دەکات بچنە ژوورێکی تایبتەوە پێکەوە بخەون و کاتێکی خۆش بەسەر بەن، چیرۆکگێڕەوە پرسیاری نرخەکەی دەکات! ژنەکە نرخێ دەڵێ. لێ چیرۆکنووس نرخێکی زۆر لەوە زیاتر دەدات. ژنەکە سەری دەسوورمێ! بۆچی ئەو نرخە دەدات! لە وەلامدا دەڵێت: جەستەی تۆ زۆر لەو نرخە زیاترە کە داوای دەکەی، هۆکارەکەی پێ دەڵێت تۆ مرۆڤی و مرۆڤیش نرخی زۆرە بە ماددە ناکرێ، لێرەوە ڕووداوەکان دەست پێدەکات. ژنە سۆزانییەکە دەست بە گێرانەوەی بەسەرهاتی خۆی دەکات. کە چۆن دەستی بەو کارە کردووە و چۆن چارەنووسی گەیشتووە بەم حاڵەی ئێستای. لێرە مامەڵە کردن نییە لە نێوان چیرۆکنووس و ژنێکی سۆزانی، بەڵکو هێندەی ئاماژەدانە بەمەی تۆش وەکو هەمووان مرۆڤی و نرخت زۆر لەوە زیاترە جەستەتی پێ بفرۆشی، هەندێجار بارودۆخی ژیان و کەتوار و هێندێ ڕووداو و پێشهاتمان ڕووبەڕوو دەکاتەوە وەکو کەلەپچەیەک هەردوو دەست و قاچەکانمان دەبەستێتەوە. بە ناچاری قبووڵی دەکەین، مرۆڤ هێندە قێزەونە بۆ بەدەستهێنانی خۆشییە کاتییەکانی خۆی ئامادەیە نەک تاقەکەسێ؛ بەڵکو بە دەیانکەس بکاتە قوربانی حەزە شەیتانییەکانی، هەمیشە دەیەوێ بەرامبەرەکەی بەو جۆرە بێ کە ویست و حەزەکانی دەیەوێ. نەک بەرامبەرەکەی چۆنی دەوێ.

بەسەرهاتی ئەم ژنە سۆزانییەی نێو مەیخانەکە یەکێکە لە قوربانییە حەزە قێزەونەکانی مرۆڤ. کاتێ ئێمەی مرۆڤ هەمیشە وا بووە بە عەقڵی چاو، بڕیارمان لەسەر شتەکان داوە، واتە: هەمیشە چاوەکانمان سەنگی مەحەک بووە بۆ بڕیاردان لەسەر کەس و شتەکان. هەرگیز بە دوای هۆکارەکان نەگەڕاوین تاوەکوو بزانین بۆ گەیشتووە بەم ئەنجامە. ئەنجامەکان دەبینین و دواتر وەکو کوتاڵێک بە ئارەزووی خۆمان دەیبڕین و دواتر چۆنمان بوێ ئاوا دەیدوورین. زۆرێک لە مرۆڤەکان ڕۆژگار زۆر

ڕووداو بەسەرهاتیان بەسەردا دەسەپێنێ لەوانەیە هەرگیز لە خەویشدا بیریان لەوە نەکردبێتەوە کە لە داهاتوودا ببن بەوەی کە کۆمەڵگە دەیەوێ. لە گفتوگۆی چیرۆکنووس و ژنە سۆزانیەکەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە شەقی رۆژگار وای لەم ژنە کردووە ببێ بە سۆزانی، کاتێک چیرۆکنووس پێشنیاری هەڵاتنی بۆ دەکات کە لەم زیندانی مەیخانەیەدا پەناگەیەک لە دەرەوە بدۆزێتەوە و ئیدی ڕزگاری بێ لەو پیاوە بێهەستانەی دێنە مەیخانە تەنها بۆ تێرکردنی ژێر سکیان لیی دەڕوانن؛ کاتێکیش ژێر سکیان تێربوو ئیدی دەیدەنە بەرنەفرەتی و بە جۆرێ وا هەست نەکات مرۆڤە، بۆ هەڵاتن لەو مەیخانەیە لە وەڵامدا ژنە سۆزانیەکە دەڵێ : (هەڵهاتن؟ هەڵهاتن بۆ کوێ؟ ژیان...ژیان لەسەر ئەم ئەستێرەیە بێمانایە... بێهودە بێمانایە، ژیان بۆتە کارگەیەکی بێڕەحم، ئینسانی تێدا هەڵدەوشێتەوە و دەیکات بە بوونەورێکی بێرووح... بوونەوەرێ بەرژەوەندی و چێژی خۆی نەبێت هیچی تر نابینێت، بۆ مەگەر ئەم پیاوانە لە دەرەوە نەهاتوون؟ زۆر گەمژانەیە وا هەست بکەی هەر لەم مەیخانەیەدا مرۆڤەکان مەست دەبن، مەست بوون و بێهۆشی ئەوانەی لە دەرەوەن زۆر خراپترە لەوانەی لێرەن ....... ئەو سێکسەی لە دەرەوە دەکرێت زۆر لەوەی ئەم مەیخانەیە کاولبووە خراپترە ... لە دەرەوە مرۆڤ بە دەمامکی شەرەفمەندانەوە سێکس لەگەڵ ئەوی تر دەکات... بە دەمامکی شەرەفمەندانەوە ئەوی تر ئەوی تر دەفرۆشێ و ئەوی تر دەکوژێت.) (سەرابی ، 2021 ، ل151ـ152) لەم گفتوگۆیەدا دەردەکەوێ کە کۆمەڵگا مۆری خراپبوونی بەسەر کەسەکاندا چەسپاند ئیدی بە جۆرێک دەکەوێتە بەر نەفرەتی و ڕەتکردنەوە تا کۆتایی ژیانی تەنیایی و ئیهانەکردن و گۆشەگیری ڕووی تێدەکا لەناو کۆمەڵگەیەکی وا بە ڕوخسار و ڕەوشت و ئیمان لەناخا ڕووخاو کۆیلە بۆ حەزە سۆزدارییەکانی ئیدی مەیخانە بۆ ئەو باشترە کە لە دەرەوەیەکی ئاوا قێزەون بژی، مرۆڤەکان بە جۆرێ ژیانیان بێمانا کردووە وەکو درامایەک بێ و هەمیشە وەکو ئەکتەرێک بین و نمایشی خۆمان بکەین ، دیوە راستەقینەکەی خۆمان لە ناخماندا پەنگ بخواتەوە و لە ژێر پەردەوە مومارەسەی بکەین، بێنینە بەرچاوی خۆمان و کاتێک کەسێ لەشی خۆی دەفرۆشێ ئەوە تەنها پارە کۆیان دەکاتەوە لەیەک پێخەودا، هەست و سۆز و خۆشەویستی خاڵییە لەم پێکەوەییە، دەبێ چۆن ئازارێک بێ، هەروەکوو ژنە سۆزانیەکە لە گفتوگۆی خۆی و چیرۆکنووسدا دەڵێ: (لەو ئازارە تێدەگەیت کە ژنێکی سۆزانی لە ژێر پیاوێکدا دەیچێژێت؟ ژنێک کە پیاوێکی خۆشناوێت و جەستەی خۆی دەخاتە بەردەستی؟ لەو ئازارە تێدەگەی پیاوێک بە هەموو غروری خۆیەوە، ئەهرامەکەی لە دەمی ژنێکی سۆزانی دەنێت؟ نا... تۆ هەرگیز لەوە تێناگەیت ... تێناگەیت ژنێک لە ساتێکی وادا چۆن وردوخاش دەبێت.) (سەرابی ، 2021 ، ل151) زۆرێک لەوانەی تووشی ئەم کارە دەبن رۆژگار و مرۆڤە هەلپەرست و هەوەسباز و خۆپەرستەکان ناچار بەم کارەیان دەکەن ، بەسەرهاتی ئەم ژنە سۆزانییە هۆکارەکەی باوکیەتی، کە بازرگانی بە ئافرەتانەوە کردووە ، دواجار هێندە لەناو ئەم کارە تێوە دەگلێت ناچار دەبێت کچەکەی خۆی (ژنە سۆزانیەکە) کە تەمەنی تەنها (13) ساڵە بە کاربەدەستێکی وڵات بفرۆشێت و ئەم کار بەدەستە تا ئەو ساتەی حەزەکانی خۆی لێ تێر دەکات و دووبارە دەیفرۆشێتەوە ، ئیدی لەوێوە ئەم کچە لە لە مرۆڤایەتی دەیشۆنەوەو دەیکەن بە کاڵایەک و کرین و فرۆشتنی پێوە دەکرێت و تا چارەنووسی دەگاتە ئەو مەیخانەیە.

چیرۆکنووس دەیەوێ بڵێت کاتێک کۆمەڵگە کردتی بە کاڵا ئیدی لە هەموو ڕوویەکی مرۆڤایەتی دەتشواتەوە، وەکو ڤایرۆسێک لێ ئەڕوانێ و گەر ببیتە فریشتەش هەمیشە ڕابردوو دەخەنە تەوێڵتەوەو تەنانەت مردیشی پشتاوپشت قەلەمی خراپەکاری بەسەرتدا دێنن، لە کاتێکدا خودا تۆبەی بۆ هەموو مرۆڤێک

داناوە گەر لە لوتکەی خراپەکاری بێت و پەشیمان بێتەوەو ببێتەوە بە مرۆڤێکی ئاسایی ئیدی لای خودا ڕابردوو وەکو هەڵمی لێدێت و ون ئەبێت، بەڵام ئەمە مرۆڤەکان خۆیانن لێخۆشبوون تەنها بە قسە قبوڵیانە دەنا هەمیشە بە دوای تۆڵەکردنەوەو سوکایەتی یەکدیەوەن و هەمیشە ڕابردوو بووە بە سەنگی مەحەک بۆ بڕیاردان لەسەر کەسەکان، لەم چیرۆکەدا دیوی یەکەمی تەنها ژنە سۆزانیەکە، بەڵام دیوی دووەمی دەرخستنی ئەو ڕووە نمایشەی کۆمەڵگایە کە چۆن ژیانیان کردووە بە شانۆو وەکو ئەکتەر ڕۆڵ دەبینن، بڵیسەی ئەو ئاگرەی کە لەناخی ئەو مرۆڤانەدایە تەنانەت ناتوانن بۆ ساتێک ئەو بڵێسە ئاگرە حەقیقەتی خۆی دەربخات و دووبارە بێنەوە نا کۆمەڵگەو وەکو من و تۆو ئەوانی تر ژیان بەسەر ببەن.

سەرابی، (2021)، موحەممەد، ژنیکی سۆزانی، گۆڤاری باران ، ژمارە (14ـ15)، ساڵی شەشەم، سلێمانی.

سەهەند نالی




## مێژوویەک لە خوێنساردی تاکی کورد بەرامبەر کتێب و ڕۆژنامە

### حاجی قادری کۆیی لە شیعرێکدا دەڵێت

سەد قائیمە و قەسیدە، کەس نایکرێ بە پولێ.
رۆژنامە و جەریدە، کەوتۆتە قیمەت و شان.

### لە شیعرێکی دیکەدا دەڵێت

کوڕێکی وانەبوو هەستێتە سەر پێ
بزانێ خەڵقی چۆن کەوتونەتە سەر ڕێ
بکا سەیری جەریدە و حاڵی میللەت
کتێبێ تازە و تەئەریخی دەوڵەت
بزانێ تا چ قەوماوە لە ئەتراف
سەراپا ئاگرە ئەتراف و ئەکناف.

لەم شیعرەی حاجی قادرەوە بۆمان دەردەکەوێت، خوێنساردی تاکی کورد بەرامبەر زانین و خوێندنەوە دیاردەیەکی تازە نیە و ڕەگێکی مێژوویی قوڵی لەناو هەناوی گەلەکەماندا هەیە، ئەمەش یەکێکە لە خاڵە لاوازەکانی گەلی کوردی کە ڕەنگدانەوەی بەرچاوی بەسەر ژیان و سیاسەتی کوردستانەوە هەبووە و هەیە. ڕۆشنایی مێژووی خۆت و گەلەکەت، دەتکات بە تاکی هۆشیار و کاریگەر، بەبوونی ئەم تاکانە، کۆمەڵگایەکی بەنرخی دروستت دەستدەکەوێت کە بەها و نرخ دەداتەوە بە مێژوو و کلتوور و جوگرافیایەکەی. ئەم بەها و نرخ دانەوەیە بە شوناسی خود، پێشکەوتن لەسەر ئاستە جیاوازەکانی ژیانەوە بەدیدەهێنێت، لەمەشەوە سەقامگیری و خۆشگوزەرانی زیاد دەکات. گەلی یەمەنی خاوەن مێژوو و کلتوورێکی ڕەسەنی مرۆڤایەتین، بەڵام لەبەرئەوەی کۆمەڵگایەکی دروستی نیە، نەیانتوانیوە بەها و نرخی ڕابگرن و بیکەنە هۆکاری پێشکەوتنی گەلەکەیان، گەلی یەمەنی بەڕادەیەک دواکەوتوون لە سەدەی بیستەمدا ڕۆژئاواییەکان بە یەمەنیان دەگوت ( مۆزەخانەی زیندووی چاخی بەردینی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست). دوور مەڕۆ، هەر لەهەمان ناوچە و کاتدا، گەلی جوو توانیان لەژێر خەیمەکانی بیابانی نەقەبەوە دەوڵەتی ئیسرائیل-دروستبکەن. ئەمەش جیاوازی نێوان گەلی پێشکەوتوو و دواکەوتووە، کە هۆکاری سەرەکی تێیدا نەزانی و نەخوێندنەوەی تاکەکانێتی. لەسەرەتای دەرچوونی کاروانی ڕۆژنامەگەری کوردیەوە، ئیهمالی و خوێنساردیەکی بەرچاوی تاکەکانی کوردی دیارە بەرامبەر خوێندنەوە و وەرگرتنی زانیارییەکان. تا ئێستاشی لەگەڵدابێت، لای زۆرینەی تاکی کوردی خوێندنەوە وەکو دۆمینە و ئیزنیف سەیردەکرێت، کە بۆ کاتی دەستبەتاڵی باشە، ئەمەش جگە لە پاساوێکی ناشرین هیچی دیکە نیە، سەرمایەداری گەورەی جیهانی بیڵ گیتس دەڵێت: هەفتانە بەلایەنی کەمەوە دوو بۆ سێ کتێب دەخوێنمەوە، ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستیەیە، ئەگەر مرۆڤ ئامانجی هەرشێتکبێت دەتوانێ کاتێکی بۆ تەرخان-بکات، سەرەرای مەشغولیەتی بە ژیانەوە. ئەگەر سەرنجێکی دیکە لە کاروانی ڕۆژنامەوانی و کتێبخانەی کوردی بدەین، زۆرینەی کات بەدەست نەبوونی کڕیار و کێشەی ئابوورییەوە ناڵاندویانە، هۆکارەکەشی کەمی ژمارەی خوێنەر و لاوەکی سەیرکردنی ئەم کایەیە لەلای تاکی کوردی. ئەگەر چاوێک بخشێنینەوە بەم مێژووەدا، دەبینین چەندین ڕۆژنامەی کوردی، بەئاشکرا بانگەوازی هاوکاری-دەکەن بۆ ئەوەی بتوانن درێژە بە دەرچوونیان بدەن. حسێن حوزنی موکریانی لە ژمارە ١٠ی ٢٥-٤-١٩٣٦دا لەگۆڤاری ڕووناکیدا بە سەردێری (پاڕانەوە و تکا و خواهیشت)دا نوسیویێتی: لەبەرئەوەی ئەم گۆڤارە جگە لە دراوی موشتەریکە موحتەرەمەکان چی ڕێگایەکی دیکەی نیە بۆ خۆ ژیاندن، بەتایبەتی لە موشتەریکە خۆشەویستەکان دەپاڕێینەوە. بۆ ئەوەی ئەم گۆڤارە ئیدارە بکرێ و نەکەوێ، بەدەلی ئیشتراکی ساڵانەمان پێ لوتف بفەرموون.

پیرەمێرد لە ژمارە ٨٧٦ی (ژین) ٢٦-٦-١٩٤٧دا لەژێر سەردێری (بەرەو دوا) دەڵێت:

لەشارەکەی خۆماندا چەند دەستیەک و کوڕی پوکەری مەکشوف ئەبینم، هەموو خۆیان بە ئەدیب و شاعیر و مەلیک ئەل شوعەرا و مەنسوبی مەعاریف ئەزانن، شەوی وا هەیە پارەی ئابوونەی دە ساڵی گەلاوێژی تیا ئەبرێتەوە، کە بەڕۆژ باسی پارەی ئابوونەی گەلاوێژی لە لا بکەی وەک شەمشەمەکوێرە چاو ئەقوچێنن.

**کارۆ کاوە**

# فایلێکی تایبەت بە
# شاعیر و نووسەر
# تەڵعەت تاهیر



# ژیاننامەی

# تەڵعەت تاهیر

**تەڵعەت تاهیر**

لە ١٨-١-١٩٧١لە شارۆچکەی مەخمور، سەر بە پارێزگای هەولێر لە دایکبووە
دبلۆمی هەیە لە ڕاگەیاندن
لە ١٩٨٨ وە دەنووسێت
ئەندامی دەستەی نووسەرانی چەندین گۆڤار و پاشکۆی ئەدەبی بووە
ئەندامی کارای یەکێتی نووسەرانی کوردە
ئێستا جێگری سەرۆکی بنکەی ڕووناکبیری گەلاوێژە
شەش کتێبی چاپکراوی هەیە :

١- کتێبی لەبەر ئاوازێک نایەوێ ببێتە گۆرانی / شیعر دەزگای ئاراس لە ٢٠٠٩ چاپیکردووە.
٢- کتێبی دەرچوون لە سووڕی نووسین/ وتار و لێکۆڵینەوەی ئەدەبییە وەزارەتی رۆشەنبیری لە ٢٠٠٨چاپیکردووە.
٣- کتێبی بنەچەی سەوسەن/ وەرگێڕانی شیعری ئەدۆنیس دەزگای رۆشەنگەری چاودێر لە ٢٠١٠ چاپیکردووە.
٤- کتێبی عەتری ئەو عاشقانەی مردن/ وەرگێڕانی شیعر _کۆبەندی شیعرەکانی شاعیری عەرەب ئەدۆنیسە_ دەزگای غەزەلنووس لە ٢٠١٦ چاپیکردووە.
٥- کتێبی ناوی تۆ ئیمزای منە/ دیوانە شیعرە، دەزگای فام چاپی کردووە.
٦- کتێبی ڕۆژگاری وشک و چاوی تەڕ/ دنیابینی ئەدەبییە، دەزگای فام چاپی کردووە.



# چەند پارچە شیعرێک لە شیعرەکانی تەڵعەت تاهیر

**(١)**

کە گوتیان  گەورە و کامڵیت
دڵ خۆش مەبە ..!
ئەمە واتا هەر ئازیزێکت لە دەستچووە
پارچەیەک لەو منداڵەی ناختی لەگەڵ خۆی بردووە..

**( ٢ )**

کە پێدەکەنیت
دوو چاڵی بچووک لە ڕوومەتت پەیدا دەبن..
دەڵێی شوێن پەنجەی دایکمە
لەسەر کولیچەی جەژن

**( ٣ )**

لە نێوان تۆ و مەلای
مزگەوتەکەی بەرامبەرمان
لێکچوونێک هەیە
هەردووکتان ئێستاتان
فەرامۆش کردووە،
تەنیا هەڕەشەی مانەوە و
باسی باشەی کەسانی
پێش من دەکەن!

**( ٤ )**

بۆ لە بیرکردنی خۆشەویستەکەی
خێزانی پێکهێنا و منداڵیشی بوو

ئێستا کچەکەی ناوی کانیە
بەڵام خۆی....
خۆی گۆزەیەکی شکاوە !

**( ٥ )**

زۆربڵێ بوومە"
هەر یەکێک ببینم تۆ بناسێت:
دەبێ ئەحواڵی پەنجا کەسی لێ بپرسم
ئینجا لە نێویاندا بتشارمەوە و
هەواڵێکی بچووکی تۆم دەسکەوێت ....!

**( ٦ )**

باوەڕم بەجوانیت کردو
کەوتمە يٚاگرتەوە
دەرکەوت باوەڕ هەیە
ناتباتە بەهەشتەوە

**( ٧ )**

ئەو سڵاوانەی نەمانکرد
ئەو شەوشادانەی لەبەر خۆمانەوە گوتمان و بەربوونەوە..
دوای هەزاران ساڵیتر شوێنەوارناسەکان دێن و
ئێسقانی وشەکانمان دەدۆزنەوە..
تێدەگەن ئەم وڵاتە مەیدانی چ بەشەرێکی دڵڕەق بووە.

**( ٨ )**

لە ڕستەی:
هەتا ئاخیر لە گەڵت دەبم..
تەنیا ئاخ مایەوە

**( ٩ )**

دەڵێن دیوار گوێی هەیە!
من کەسێک دەناسم، گوێی دیواری هەیە..!

**( ١٠ )**

پێش ساتێک لێرە بووی .
هێندە لەمێژە ،
وەختە بڵێم : هەبوو نەبوو !

**( ١١ )**

لە وڵاتی دزەکانیش جوانی دەستدەکەوێت .
بۆ نموونە: کاتێ کەسێک بەشی یەکدوو نامە باڵانس لە مۆبایلی کەسێکیتر دەبا..
تەنیا بۆ ئەوەی بپرسێت ئاخۆ ئازیزەکەی باشە

( ١٢ )

فیتەرەکان بەهەموویان ئۆتۆمبێلە کۆنەکەی باوکمیان بۆ چاک نەکرایەوە..
شاگردێک کە دیاربوو حەزی لە کتێب بوو گوتی: حاجی گوێی مەدەیە، لە هەورازی مێژوو بۆ دامێنی ئێستا، لە نەوەی پێش نەوەکەمانەوە
فرمێسک دەخەینە پاتریەکەوەو ئەم نیشتیمانە پاڵ دەنێین
ئیش ناکا و ناکا.

( ١٣ )

لینین بە خۆی و هەموو کتێبەکانی
ستالین و فیلمەکانی
هۆنیکەر و یاساکانی
تشاویسکۆ و گوتارەکانی
تیتۆ و بانگەوازەکانی
ماو بە چاوی بچووک و بەڵێنە گەورەکانی
کاسترۆ بە خۆی و هەموو ئەدیبەکانی..
هێندەی دایکم یەکسانخواز نەبوون:
کاتێک لە ناو مەنجەڵێکی مسی سپی کراوەوە
موعجیزەی لە ئاو دەکرد و دەورمان دەدا
سێ هێلکەی کوڵاوی بەسەر حەوت منداڵدا دابەش دەکرد.

( ١٤ )

بۆ لەبیرکردنت خەڵکی تازە دەناسم و
بە خەندەیەکەوە دەڵێم: خۆشحاڵم
بەرەو ڕوخسارەکان ڕادەکەم، ڕادەکەم و تۆ نیت..
لەپڕێکدا ئازاری ئەو چۆلەکەیەم پێدەگا
کە خۆی بە شووشەی پەنجەرەیەکدا دەکێشێ.

( ١٥ )

کە تۆم نەما ئەوجا زانیم
خەڵک بۆ پیاسە ناچنە سەر قەڵاتی هەولێر
هەر یەکەو ڕووەو گەڕەکی ئازیزێک دەوەستێ و
وەکو سەربازێکی پیر لە مەیدانی شکستەکانی خۆی دەڕوانێ

( ١٦ )

سڵاو ئەی شەو
هاتینەوە..

هەقی خۆشتە دەرگامان لێ نەکەیتەوە
ئێمە ئەو ناسیاوانەین هەمیشە بۆ باشتر بوون ئومێدمان بە سبەینان هەبووەو
بەکۆمەڵێک شکست و یادەوەریش
لای تۆ کەوتووین

**( ١٧ )**

لە دڵی مندایە و
لە ماڵی کەسێکیتر ,
ئای چ ئیهانەیەکە بۆ درەخت ،
کە چۆلەکەیەک لەسەر تەلی عامود دەنیشێتەوە.

**( ١٨ )**

قەت چاوەڕێی ئەو قەرەبووە باشە نەبووم..
لەو وڵاتەی هەموو شتێکم تێدا ون کرد
تۆ بدۆزمەوە.

**( ١٩ )**

کە تۆ نایەیت،
خۆم بیانووت بۆ دەدۆزمەوە
دەڵێم،
دیارە من باش چاوەڕێم نەکردووی..

**( ٢٠ )**

هەر جارەو شیرینیەک دەنێژین
لە قەبرێکدا ئازیزێکمان
لە چاڵێکدا خەونێکمان لە درزێکدا یادگارییەک
لە خۆڕا نیە ژیان لێرە تامی سوێرە
بەو قەبر و چاڵ و درزانە
ئەم وڵاتە بوەتە خوێدان ...!







## تێکستێکی کاک دڵشاد عەبدوڵڵای شاعیر بۆ تەڵعەت تاهیری شاعیر.

(لەبەر گۆرانی ببە بەئاواز)

هەندێک ڕستە ناقۆڵان
دنیا دەهەژێ
لەگەڵ دروست بوونیان

ڕستە هەیە دڵ دەینووسێ
هەتاهەتایێ دەمینێ

شۆڕش باوکی ڕستە ناقۆڵاکانە
شیعر دایکی ڕستە نەمرەکانە

هەڵکەندنی گۆڕی مانگ لەبەفرا
یان کولاّندنی گوڵەباخ لەئەسرین
پێش شیعر ئەوانە شیعریین

" باینجانمان بەقەت پرتەقاڵ خۆش دەوێ "
ڕستەیەکی سەرسوڕهێنەرە
سۆزێکی ئینسانی بەدەرە
خۆ شا شاعیرا!

ئەو تەنە نامۆیانە وندەکا لەجەستەی شیعر
وەکو درەخت کە وردە ئاسن وندەکا لەڕەگی

" ڕیشۆڵە ببێ بەحاکم "
تۆڕ نامینێ
لەمەملەکەت

ڕستەی کۆنتراست بەتەنیشت یەکەوە
گەرم وسارد
( تەڵعەت ) بەشڵەتێن دەنووسێ

هەموو تەمەن قەرزاری منداڵییە
منداڵیش دایکزای ڕاستەقینەی خەیاڵە

خەیاڵ ئاوریشمە، کرمێک دەیچنێ
بێ ئەوەی بزانێ چی دەکا
ئەو بەزگماک شاعیرە

لەشیعردا
پرتەقاڵ ناخورێ
ڕێزی لێ دەگیرێ
پێویست بەسەلماندن ناکا

زەریا ناتوانێ بیسەلمێنێ ئاو نێرە یان مێ
بەنەرم وشلی لەشی
بەشەپۆلی توڕەبوونی
خەسڵەتی هەردووکیانی هەیە

وەکو شێخفەرخ لەمنداڵدانەوە عاشقە
بۆیە لەیەکەم دیوانەوە
چریکاندی،ئەوە منم..
ئەوەمنم

شیعر فێڵە
منداڵی لەپیری دەکا
پیریش زوو هەڵدەخەڵەتێ بەمنداڵی

زمان ئاوێکی ڕوونە
ئەو گرێیانەی دەیبینی
هی بەردەکانی ژێریەتی

منداڵ کە لەدایک دەبێ ڕووتە
پاشان جلی لەبەر دەکرێ
شیعر جلی لەبەردایە
پاشان ڕووت دەکرێتەوە

ئاسمان بەرین وبێبنە
کەچی هێندەی دەسماڵێکی
دەنووسێ بەپەنجەرەوە
ئەوەندە بەسە بۆدڵنیایی

لەبەر ئاوازێک مەبە گۆرانی
لەبەر گۆرانی ببە بەئاواز
لەبەر هەور مەبە باران
لەبەر باران ببە هەور
لەبەر وشە مەبە شیعر
لەبەر شیعر ببە وشە
لەبەر خودا مەبە مرۆڤ
لەبەر مرۆڤ ببە بەخوا

پێویست بەئاگر دەکا بۆکوانو
پێویست بەکوانو ناکا بۆئاگر

ئەوەندە دوورکەوە لەڕووداو
تا بتوانی،
خۆت ببی بەڕووداو

**تێبینی**: ئەم تێکستەی کاک دڵشاد عەبدوڵڵای شاعیر و نووسەر لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوبۆتەوە.



## لێکۆڵینەوەیەک سەبارەت بە دەقێکی شیعری تەڵعەت تاهیر

**دەسەڵاتی زەعیم لەنێوان زەبر گەمژەیی**

خوێندنەوەیەکی کراوە لەپێناو دۆزینەوەی شوناسی زەعیم لە دەقی "پایزی زەعیم" ی تەڵعەت تاهیردا.

**عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)**

**سەرەتای مانگی حوزەیران ٢٠١٤**

**کەنەدا.**

گەڕان بە دوای ئایدێندتی کارەکتەری هەر دەقێک دەبێ لە بونیادی دەقەکەوە دەست پێبکەین. لەو جێگایەوە کە ستراکتۆری دەق دەبێتە هۆکاری نیشاندان یان بەرجەستە کردنەوەی وێنەکانی کارەکتەری دراو لە دەق. بەم پێیە خوێنەر دەبێ لە مانا دیار و شاراوەکان، زمان و ئامرازەکان، سیمبۆڵ و ڕەگەزەکانی تری ئەدەب ورد بێتەوە و ئەو پارچانە کۆبکاتەوە و دواتر پێکیانەوە بنووسێنیت و تا وێنەی کارەکتەری دراو ڕوون دەبێتەوە و ئینجا لەوێشەوە ناساندنی شوناسی کارەکتەرەکە ئەنجام بدرێت. ئەم پرۆسەیە هەندێجار ورد و ئاڵۆزە و هەندێجاری تریش برێک سادەترە، ئەویش لەسەر هونەری دواندن و داڕشتنی نووسەر وەستاوەتەوە. نووسەر دەتوانێ لە پێناو بە ئاکام گەیاندنی ئەم پرۆسەیە دەست بۆ گەلێ تەکنیک و چەمکگەلی وەک ئایین و ئەفسانە، زانست و تەکنەلۆژیا، دەروونناسی و کۆمەڵناسی، فەلسەفە و...تاد ببات. تەلعەت تاهیری شاعیر لەم دەقەیدا(پایزی زەعیم) ئەفسانە و باری سایکۆلۆژی کردۆتە مەبنای گەیشتن بە دوا پلەی ئایدێندتی

کارەکتەرەکەی، بۆ گەیشتن بە نیشاندانی دوا مۆدێلی جۆرێک لە زەعامەت کە پڕە لە ناکۆکی و دژ بەیەک، پڕە لە تراژیدیا و کۆمیدیا،، دواجار پرە لە دونیایەک ئەگەر و پێشبینی کە لەوانەیە کۆمەڵگە بخاتە بەردەم مەترسییەکی گەورەوە. لەلایەکی ترەوە ئەوەی وا دەکات دەقێکی ئەدەبی بخوێنرێتەوە، ڕادەی پەیوەست بوونی خوێنەرە بە دەقەکەوە. هونەرسازی لە تەلاری دەق، خوێنەری جیددی دەخاتە بەردەم بەرپرسیارەتی ئەدەبی و ڕەخنەییەوە. هونەرسازی یان هونەری وێناکردن لە پایزی زەعیمدا سەرەتا بە ئەفسانەکردنی کارەکتەر دەست پێدەکات و کۆتایشی نادیارە. ئەفسانەش وەک ئاشکرایە لە چیرۆک و وشە پێکهاتووە. ڕووداوەکانی ناو ئەفسانە وەک چیرۆکێکی ڕاستەقینە تەماشا دەکرێن، زۆربەی جار ڕووداوەکان ترسناکن و لە ڕابردوودا ڕوویانداوە و پاڵەوانەکانیش کەسانی زۆر بە توانا و لەڕادەبەدەر بەهێزن ئیتر چ ئینسان بن یان خواوەند یان هەر فۆرمێکی تر لە کارەکتەر. ئەم شێوازە قەناعەتپێکەرەی ئەفسانە لە خۆیدا هەڵیگرتووە، ڕێگەخۆشکەرە بۆ ناسینی ڕاستییەکی بە میتافۆرکراو نەک ڕاستییەکی ئەدەبی. چونکە ڕاستی ئەدەبی یانی وێناکردنی واقیع. ئەدەبیش پانتاییەکە توانیویەتی ئەفسانە لە خۆیدا هەڵبگرێ و بیپارێزێ. لێرە پەیوەندییەکی دوالی لەنێوان ئەفسانە و ئەدەب دێتە ئاراوە. ئەدەب ئەفسانە نمایش دەکات و ئەفسانەش ئەدەب دەوڵەمەند دەکات. نووسەران لە گۆشەنیگای جیاوازەوە دەڕواننە پێویستی ئەفسانە لە نووسینەکانیان. "نووسەری مۆدێرن بڕیار دەدا بچێتە ناو ئەفسانەوە لەبری ئەوەی تەنها وەکو شێوەی بینینی خەڵکانی ڕابردوو ببینێ."(١) بەم پێیە نووسەری مۆدێرن نایەت دەست بە چنین و داوی کۆنەوە بگرێت و ئەژدیهای هەزار ڕوخسار و دێوی ترسناکمان بۆ بنەخشێنێ، ئەو دێ لە سەحنەی کۆمەڵگاوە دەست بۆ ئەفسانە دەبات و لە میتافۆری هەڵدەکێشێ. لە دەقی پایزی زەعیم کاک تەلعەت تاهیر لە دوو ئاستدا ئیش لەسەر دەرخستنی وێنەی زەعیم دەکات. لە ئاستی ئەفسانە و دەرخستنی قودرەتە بێئەوپەڕەکانی زەعیم (شوناسی دەرەوە) و لەئاستی سایکۆلۆژی کە بچووککردنەوەی وێنە کێشراوەکەی زەعیمە تا خاڵی چرکردنەوەی ڕەنگەکان و دەرکەوتنی وێنەی هەڵگێڕدراوەی ناخی زەعیم بە ڕەش و سپی(شوناسی ناوەوە). هەردوو ئاستەکە بەدرێژایی شیعرەکە ئاوێتە بە یەکتر هەناسە دەدەن. درێژکردنەوەی ئەم دوو ڕەهەندە وەک دوو جۆگەلە لەڕووی وردکردنەوەوە دەڕژێنە ناو چاڵی شوناسی زەعیم. ئەم نووسینە هەوڵ دەدات پایزی زەعیم لەو ڕەهەند و ئاستانەدا بهێنێتە گۆ و لەو کۆدانە ورد بێتەوە کە ساختمانی ئایدی شوناسی لەسەر بنیاد نراوە.

## (١)

## ڕەهەندی ئەفسانە لە شوناسی زەعیمدا

### شوناسی دەرەوە

بونیادی دەقی پایزی زەعیم بونیادێکی سایکۆ - میتۆلۆژییە و خوێنەر دەتوانی لە میانی ئەم بونیادەوە بگات بە وردکارییەکانی شوناسی زەعیم. نووسەر هاتووە بە پەنابردن بۆ ئەفسانەپەیکەری زەعیمی وەک خواوەندێک بۆ نەخشاندووین. واتە سیفەتە لەڕادەبەدەرەکانی زەعیم سیفەتگەلێکن

لەسەرووی سروشتەوە (Supernatural) ەوەن و تواناکانی بەهێزترن لە سەرجەم یاساکانی سروشت و نۆرم و نەریتە باوەکانی کۆمەڵگە. شوناسێک کە زەعیم لەم دەقەدا پشتی پێدەبەستێ شوناسێکی (فوق العادة) یە و ناتوانین لەم ئاستەدا زەعیم بگێڕینەوە ناو گۆمەڵگە و بە مرۆڤەکانی بەراورد بکەین. لەم ڕووبەڕووبوونەوەیەی خوێنەر و دەق ئەو پرسیارانە دێنە پێشەوە وەک ئەوەی بۆچی زەعیم فیرعەون ئاسا لە مرۆڤەوە کراوە بە خواوەند؟ سەرچاوەی ئەو هێزە لە ڕادەبەدەرەی زەعیم چییە و چۆن بەدەستی هێناوە؟ ئایا زەعیم بەپێوەری ئەفسانە نەمرە؟ و گەلێ پرسیاری تریش. بۆ گەڕان بەدوای شوناسی زەعیم پێویست ناکات بەدوای بنەما کلاسییەکانی ئایدێنتیدا بگەڕێین و مەودایەکی سیاسی پێببەخشین، بەڵکو بە وردبوونەوە لەسەر دۆخەکانی دەق و کارەکتەری زەعیم بەتایبەتی لەڕووی سایکۆ - میتۆلۆژییەوە دەمانگەێنێتە خاڵی مەبەست.

**کەس بیری نایە لە کەیەوە بۆتە زەعیم ؟**

**ئەوەی زانراوە کەسێکی ئاسایی نییە!**

**دەتوانێ کانزاکانی ژێر زەوی بخوات و**

**پێدەشت بە دارستانەوە بجوێت و**

**روبار هەڵقوڕێنێ و ئاسمان بخاتە باخەڵییەوە!**

**مێژوونوسەکانی دەڵێن:**

**توانای زەعیم لە ئەفسانەکانیش بەدەرە** ،(دەقی پایزی زەعیم تەلعەت تاهیر )

زەعیم مەقامێکی بەرزتری لە مرۆڤەکان هەیە و تواناکانی لە سەرووی ئەفسانەشەوەن. سەرکەوتنی تەوزیفی ئەفسانەش لە دەقی ئەدەبی پەیوەستە بەوەی کە دەبێ ئەفسانەکە بەهێز بێ. ئەم بەهێزییەی ئەفسانە ڕۆڵی هەیە لە درێژبوونەوەی تەمەنی ئەفسانەکە. ئەفسانەی بەهێز سنووری نەوەکان و سەدەکان دەبڕێت. بەم پێیە ئەفسانەی بەهێز وەک مارگرەیت ئات ود دەڵێ "هەرگیز نامرێ"(٣). بەهێزبوونی ئەفسانەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕایەڵ و پەیوەندییانەی نێوان کارەکتەری ئەفسانەکە و واقیع. واتە نووسەر هەوڵ دەدات لە چادرگاکانی نێوان واقیع و ئەفسانەوە میتافۆریانە خوێنەر بدوێنێ. نووسەری کارامە زمانی ئەفسانە دەکاتە زمانی واقیع. ئەو دەزانێ دەمامکی ئەفسانە فراوانترکردنەوەی پانتایی ئازادییەکانی نووسەرە لە دەرخستنی کرۆکی بابەتەکەی. دەمامکی ئەفسانە لە دەقی ئەدەبی لەلایەکەوە پەردەیەکی تەنکە کە جووڵە و چالاکی ئایدیای دەق و نووسەر دادەپۆشێ و لەلایەکی ترەوە دەستی خوێنەر دەگرێ بەرەو نزیکبوونەوە لە ئامانج. هەروەها ناڕاستەوخۆیی لە دیاریکردنی مەبەست و گرتنەبەری زیگزاگی ئەدەبیش ڕۆڵ دەبێنێ لەدەرخستنی ئامانجی دەق. مادام هەموو دەقێکی ئەدەبی ئامانجێکی لەخۆیدا هەڵگرتووە، کەوابوو مافی نووسەرە ئازادییەکانی خۆی لە نیشاندانی ئەو ئامانجە بۆ خوێنەر بەدەستە بگرێت و پیادە بکات. کاک تەلعەت لەم شیعرەدا هەوڵدەدا سەرسامییەکانی خۆی نەک هەر تەنها لەئاستی پەنابردن بۆ ئەفسانە، بەڵکو لەئاستی زمانیشدا لەڕێگەی پەنابردن بۆ خاڵبەندییەوە، بەرجەستە بکاتەوە.

ئەگەر "ئەفسانە لە ڕوانگەی فەلسەفییەوە بتوانرێ بە جۆرێ لە جۆرەکانی هۆشیاری کۆمەڵایەتی و بە هەوڵێکی سەرەتایی مرۆڤ بۆ ناسینی جیهان و تێگەیشتنی جیهان دابنرێت."(٣) یان وەک ڕۆلان بارت دەڵێ " ئەفسانە جۆرێکە لە ئاخاوتن" (٤)ئەی خوێنەری کورد لەکوێی ئەم ناسین و تێگەیشتنەوەی لایەنی ئاخاوتنی دەقی پایزی زەعیمەوەیە؟ دەقی پایزی زەعیم لە تەمومژ نەپێچراوەتەوە، بەڵکو بەڕوونی ستراکتۆری دەقەکە دەبینرێت. زەعیمی نێو دەقی پایزی زەعیم، زەعیمێکی بەرجەستە و شوناسداری ژیانی کۆمەڵگەی ڕۆژهەلاتییە. ئەمەش ئینتمای دەقەی پایزی زەعیمە بۆ شوێنگەی لە دایکبوونی. شاعیر جارێک وێنەی زەعیم لە ئاوێنەی دەرەوەوە و جارێکی تر لە ئاوێنەی ناوەوە دەکێشێ. ئەم وێنەکێشانە بێ هیچ زۆر لەخۆ کردنێک ئەنجام دەدات.

**دروستکەری وەرزەکانە**

**بە قسەکانی بەهار دێنێ ،**

**بە کردەوەکانیشی پایز!** (دەقی پایزی زەعیم تەلعەت تاهیر )

ئەفسانە لە دەقی پازی زەعیمدا خاوەنی هیچ ڕەهەندێکی کۆمەلایەتی و کلتووری نییە، چونکە زەعیم خۆی کەوتۆتە دەرەوەی هەر هەلومەرجێکی سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابووری. بۆ نزیکبوونەوە لە واقیع، نووسەر گەشتی نێو ئەفسانەکانمان پێدەکات. ئەم گەشتەش تەنها یەک ئەرکی گرنگ ئەنجام دەدات ئەویش دەرخستنی ڕووی شوناسی زەعیمە. لێرە شاعیر شوناسی زەعیم لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئەفسانەوە دەخاتە ڕوو. ئەفسانە لەم دەقە هەر لەبەردەم تەوزیف کردنیکی ئاسایدا نییە، بەڵکە ڕەهەندی ئەفسانە واوەتر دەچێت و دەبێتە بەشێک لە پرۆسەیەکی فراوانتر، ئەویش پرۆسەی ناساندنی ماهیەتی زەعیمە. شاعیر لەم پرۆسەیەدا دەست و پێ سپی نییە و هونەر دەنوێنێ. لێرە زەعیم پاڵەوانە، بڕیاردەرە، بەهێزە، خاوەن توانایەکی لەڕادەبەدەرە. سروشت بەزێنە و لەدەرەوەی یاساکانی سروشت و ژیانەوەیە. شوناسی زەعیم شوناسێکی بە زەبر و بە دەسەڵاتە. خاوەن فەرمانە و دەتوانێ چی بوێ بیکات. کەوابوو تا ئێستا زەعیم تەنها دەرەوەی دیارە. خوێنەر تەنها لەبەردەم شکڵ و بیچمی کەسێکی ئەفسانەییە کە مەگەر تەنها خواوەندەکانی ئەفسانەکان ئەو بیچمەیان هەبێ. ئەم وێنەیەی دەرەوەی زەعیم سەرباری زەعامەکەتەی، دەرخستنی لایەنێکی نادیاری ژیانی زەعیمە ئەویش ئەکتەر بوونە. زەعیم ئەکتەرە و دەبێ بەردەوام و ڕۆژانە تەمسیل بکات. دەبێ وای خۆی نیشان بدات کە سەرحاڵە، لەسەر شنگ و تاقەتە، گوێی فیل دەردێنێ و گوێز بە دان دەشکێنێ.

**تاکە کەسە بتوانێت**

**بە گوفتاری ، مانا بسڕێتەوە!**

**بە کرداری ، جووڵە لە جووڵە بخات!** (دەقی پایزی زەعیم تەلعەت تاهیر )

بەخشینی ئەو سیفەتانە بە زەعیم لە لایەکەوە هێمایە بە توانا و دەسەڵاتی زەعیم وەک کاریزمایەک لە قەڵەمڕەوی خۆیدا و لەلایەکی ترەوە نیشانەی دەستبردنە یان پەنابردنە بۆ ئەفسانەکردنی پاتریاکێک کە مێنتاڵیتییەکەی لەسەر دیکتاتۆریەتی بێپەردە ڕسکاوە. ئەم پەنابردنە بۆ ئەفسانە

پەنابردنە بۆ زمان و شێوازێکی دەربڕین. ئەفسانە لەم دەقەدا کۆمەکی خوێنەر دەکات دیوی دەرەوەی زەعیم و دەسەڵاتەکانی ببێنێ، توانا و فەرمانەکانی لەمس بکات و هێزی سوپا و دەست و پێوەندەکانی و نەعرەتەکانی زەعیم ببیستێ. کەوابوو دەستبردن بۆ ئەفسانە پرۆسەیەکی نائاگایی نییە، بەڵکو شاعیر بە هۆشیارییەوە هەوڵی داوە لایەنی خواوەندی زەعیم وێنا بکات. ئەمەش دەرخستنی شوناسی زەعیمێکی بە زەبر و بە دەسەڵاتە. واتە نیشاندان و بەرجەستەکردنەوەی شوناسی دەرەوەی زەعیمە.

**(٢)**

**ترس و گرێ دەروونییەکانی زەعیم لە پەیوەست بە شوناسەوە**

**شوناسی ناوەوە**

زەعیم گەرچی لە هەیکلی دەرەوەیدا وەک بینیمان چ هێز و ئیرادەیەکی پتەو و چ دەسەڵاتێکی گەورەی لەپشت وەستاوە، بەڵام لەهەمان کاتدا وەختێ بەشەکانی تری پایزی زەعیم دەخوێنینەوە دەبینین ڕووبەڕووی ناواخنێکی وێران و کەللەیەکی بەتاڵ دەبینەوە. بۆ ئەم مەبەستەش شاعیر سوود لە ڕایەڵ و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی زەعیم وەردەگرێت. شاعیر لەڕێگەی کارەکتەری دایکی زەعیمەوە گەلێ وردکاری ژیانی ڕۆژانەی زەعیممان بۆ دەخاتە ڕوو. ئەو زانیاریانەش ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە جێگیرکردن و خستنەڕووی شوناسی ڕاستەقینەی زەعیم. دایکی زەعیم کە نزیکترین کەسە لە زەعیم و کانگای خاڵە لاوازەکانی کوڕەکەیەتی زۆر بەساکاری بێئەوەی بچووکترین کێشەی لەزمانی گتوگۆ هەبێ، سەرکۆنەی کورەکەی دەکات:

**ڕۆڵە هەندێ پارە لە پشتییەک بشارەوە . گیانی دایە لەو کورسییە بتهێننە خوارەوە هیچ ئیشێک نازانی . ئاخر تۆ قەسابیش نەبووی ! یان خۆزگە دەنگت خۆشبایە ! ئێستا شوکر ، وەزیرەکان مریشکم بە ناوی چین و ماچینەوە لێدەکڕن ، لەو کورسییە بتهێننە خوارەوە ئەوەش نامێنێ . کەسی دایە ، هەردووکمان پیر بووین ، بتهێننە خوارەوە دەبێ تەنیا سەیری ئەلبومی وێنەکانت بکەیت ، منیش حەوسەڵەم نەماوە ، چیتر سەڵکە پیاز و دۆشاوی تەماتە و ژێرپیاڵە خوێ ، لە دراوسێکان قەرزکەم.**
(دەقی پایزی زەعیم تەلعەت تاهیر )

گێڕانەوەی ئەم قسەیەی دایکی زەعیم لەزاری توتییەکی هەڵاتووەوە، دەرخستنی لایەکی لێل و تاریکی ئەو تابلۆیەیە کە من ناوم ناوە شوناسی ناوەوە. لێرە دەبینین زەعیم کەسێکە بوودەڵەیە، ژێر دەستی بۆڵەبۆڵ و ئامۆژگارییەکانی دایکییەتی، ئەو دایکەی وەک وتمان زمانی گتفوگۆ نازانێ و خەمیەتی کوڕەکەی لەو تەختە نەهێننە خوار، دایکێکی نەخوێندەواری بێئاگا لە کارەکتەری کوڕەکەی و بێخەبەر لە پرەنسیپ و بنەمای ژیانی سەرۆکایەتی و دیپلۆماتیکیی و زۆر دوور لە ژان و خەمی مەملەکەت. شاعیر جارێک بە خۆی و جارێکیتر لە ڕێگەی دایکی زەعیمەوە دۆخە سایکۆڵۆژییە تێکشکاوەکەی زەعیم دەخاتە ڕوو. دایکی زەعیم سەرباری خۆشەویستی بۆ کوڕەکەی، کە ئەویش خۆشەویستییەکی شروشتییە، لەخەمی داهاتوو دایە، پێشبینی ئەوە دەکات کە ڕەنگە ڕۆژێک بە ڕاپەڕینێکی جەماوەری یان کودەتایەک کوڕەکەی لەسەر تەخت بهێننە خوار و باریان لێژ بێ. بۆیە هەڵپەی ئەوە دەکا و دنەی کوڕەکەی دەدات تا بیرێک لە پاشەڕۆژ بکاتەوە. بۆیە خوێندنەوەی دایک بۆ زەعیم، یارمەتیدەری خوێنەرە بۆ بینینی زەعیمی ئۆریجیناڵ کە کوڕە دەست و پێ سپیەکەیەتی.

ئەمە دەرخستنی کانزا ئەسڵییەکەی زەعیمە لەژێر دەمامکەکانەوە. بەڵام زەعیم هەر لە ئاستی گوناه و دەستەپاچەییدا نامێنێتەوە، بەڵکو لە دۆخێکی تراژیدی گەورەدا ژیان بەسەر دەبات.

**مەیبینن لە وێنەکاندا پێدەکەنێت ، زەعیم گوناحە.**

**گندۆرەیەکی بە قەڵەمبڕ پاک نەکرد و ترسی ژەهری نەبێ!**

**لە نیوەشەواندا سەلاجەی بۆ قومێ ئاو نەکردەوە و ترسی تەقینەوەی نەبێ!**

**بۆینباخێکی نەبەستا پەتی سێدارەی بیر نەهێنێتەوە!** (دەقی پایزی زەعیم تەلعەت تاهیر )

ترس سێبەری خستۆتە سەر ژیانی زەعیم. زەعیم بەپێچەوانەی ئەو هێز و دەسەڵاتەی کە هەیەتی، ترس لێی ناگەڕێ یەک شەو بە ئاسوودەیی سەر بخاتە سەر سەرین. ترس غەریزەیەکی سروشتییە و لە هەموو زیندەوەرێکدا بوونی هەیە. ترسەکەی زەعیم زیاد لە مانا و دەلالەتێکی هەیە. زەعیم تا ئەمرێت ناتوانێت بەکامی دڵی خۆی بچێتە بازاڕ و قاپێک شێلم بخوات و شەربەتێک هەڵقوڕێنێ، یان بچێتە دوکانی کاستەر فرۆشێک و کاستەرێک بخوات.

**زەعیم دەیەوێت سادە بژی.**

**لەبەر چاوی کامێراکان ،**

**بەری نەشۆراوەی باخچەکان دەخوات و**

**وەک پسپۆرێکی کشتوکاڵی بە پێکەنینەوە دەڵێت:**

**پەیینی کەمە و**

**پاشەڕۆی بیست و شەش گوێدرێژی نەخەساوی بۆ تەرخانکەن.**

**بۆ ئەوەی لە میللەت نزیک بێ ،**

**چوارلای لاندگرۆزەرەکەی نارنجی کردووە ،**

**گوایە تەکسییە و بە نهێنی بە شوێن گرفتەکانی خەڵکدا دەگەڕێ.** (دەقی پایزی زەعیم تەلعەت تاهیر)

ئەم ساویلکەییەی زەعیم بە گەمژە سەیرکردنی خەڵکە. هەرچەندە زەعیم خەڵک بە گەمژە دەزانێ، لە هەمان کاتیشدا خەڵک لە گەمژەیی زەعیم دڵنیان. بوونی ئاوێتەبوونێکی گەورە لە نێوان ترس و گەمژەیی، بوونی کەلێنێکی زەبەلاح لەنێوان زەعیم و خەڵک، بوونی فریوێکی زۆر بەوەی زەعیم لە نەسلی خواوەندە، ئەو پاکێچە دراوانەن کە شوناسی زەعیم خۆی تیایاندا دەبینێتەوە.

**دایکی گوتەنی بریا دارتاش بوایە ، یان معاون توبی،**

**یان هیچ نەبێ، هونەرمەند.**

**بەڵام تەنیا دەزانێ فەرمان دەربکا!**

**هەموو سامانەکەی وڵاتێک و فتقێکە**

**کە دەنگی ژانی زۆر لە فیکەی کتریی دەچێ!** (دەقی پایزی زەعیم تەلعەت تاهیر )

زەعیم نەخۆشە ئەویش بە هەردوو باری بایۆلۆژیی – سایکۆلۆژیی و سیاسی - کۆمەڵایەتی. زەعیم لەلایەکەوە فتقی هەیە ئەمەش ڕێگرە لە کارکردن و ماندووکردنی جەستە لەکاتی پێویستدا، ئەمەش بەدەوری خۆی گرێیەکی دەروونی بۆ پێکهێناوە. لەلایەکی تریشەوە بەمانا سیاسی و کۆمەڵایەتییەکەی زەعیم فەرمانڕەوایەکی ترسنۆک و تۆقیوە لە دەوروبەر و دەست وپێوەند. لەرزۆک لەبەردەم پێشهات و ڕووداو، لاواز لەبەردەم ژن و خۆشەویستی. ئەو ژنانەی زەعیم پێوەندی پێوە هەن، ژنانگەلێکی زۆرزان و بەرژەوەندخوازن، جگە لەوەی وەڵامی داواکانی زەعیم نادەنەوە، دزیشی لێدەکەن. زەعیم ناوێرێ هەموو ئاوێک بخواتەوە و هەموو خواردنێک بخوا و دەست بداتە هەموو شتێک گەر پێشوەخت پشکنینی پێویستی بۆ نەکرابێ. ئەم بوودەڵەییەی زەعیم شوناسی دووەمی زەعیمە. خوێنەر لەم دەقەدا لەبەردەم زەعیمێکی گوناه و لاواز و بێدەسەڵاتدایە.

**زەعیم گوناحە..**

**تا ئێستا کەس خەبەرێکی راستی پێنەداوە!**

**ژەمێکی بە تێری نەخواردووە!**

**پاسەوانەکانی بە پاساوی ژەهر ،**

**نیوەی چێشتەکەی دەخۆن.**

**لە ترسی ئەوان ، هەنگوین لە کونی دیوار دەشارێتەوە.**

**ناچارە بە دزی دکتۆرەکان ساوار بە گۆشت بخوا.**

**ژیانی تایبەتیشی نەماوە** (دەقی پایزی زەعیم تەلعەت تاهیر )

ئەم کابووسی ترسە هەر بە تەنها لە قەسر و کۆشکی زەعیمەکەی تەلعەت تاهیردا بوونی نییە. بەڵکو ئەتمۆسفیری ژیانی ڕۆژانەی سەرجەم زەعیم و دەسەڵاتدارەکانە لە گۆشە جیاجیاکانی حکومڕانی ڕۆژهەڵات. کێرڤی ڕوونبوونەوەی شوناسی زەعیم پێ بەپێی چوونەسەر و نزیکبوونەوەی دەق لە کۆتایی لە ئاستێکەوە دەچێتە ئاستێکی تر. واتە سەرەتا لەبەردەم زەعیمێکی گوناهـ وەستابووین و ئینجا زەعیمێکی نەخۆش و دەروون داهێزراومان بینی و ئێستاش زەعیمێکی نەخوێندەوار.

**زەعیم ئەو رۆژنامەیە دەخوێنێتەوە ،**

**که خۆی بۆ خۆی دەریدەکا.** (دەقی پایزی زەعیم تەلعەت تاهیر )

خوێندەوارییەکەی زەعیم خویندەوارییەکی ئەپستمۆلۆژی نییە و بارگاوی نییە بە مەعریفە، بەڵکو خوێندەوارییەکەی زیاتر لێککردنەوەی ڕەش و سپییە لە یەکتر و هیچتر نا. ئەم خوێندەوارییەش بۆ کەسێکی ئاسایی ڕەنگە کێشە نەبێت، بەڵام بۆ فەرمانڕەوای مەملەکەت کارەساتە. ئەم سیفەتە نەخوێندەوارییە دیسانەوە سیفەتێکی بەربڵاوی نێو فەرمانڕەواکانە.

ئەم پارادۆکسییە لە ژیانی زەعیم گەرچی زادەی خەیاڵە، بەڵام تا سەر ئێسک واقیعییە. چونکە حاڵی زەعیمەکەی تەلعەت تاهیر کە دەرخەری شوناسیشیەتی، هەمان دۆخی زەعیمەکانی ڕۆژهەڵاتە، هەمان حاڵی ئەو سەرۆک و پاشا و ئەمیر و شێخانەیە کە خاوەن سوپای گەورە و دەمودەزگان و سڵ لە سێبەرەکانی خۆیان دەکەنەوە. ئەو زەعیمانەی کە دیوارێکی گەورەیان لە نێوان خۆیان و خەڵکدا دروست کردووە. ئەوانەی پێیان وایە خەڵک تەنها بۆ ئەوان دەژیت. زەعیمگەلێک کە لە قوولەی قاف دان و دەنگی کەسیان ناگاتێ. زەعیمگەلێکی دەروون پڕ لە گرێ و گۆڵ و نەخوێندەوار و بێتوانا و بوودەڵە و لەهیچ لەبار نەبوو. ئەم وێنە نیگەتیڤە پڕ بە پێستی ئەو دۆخە تاڵ و کارەساتبار و غەمبارەیە کە بەداخەوە خاوەنانی ئەم وێنانە بڕیار لە چارەنووسی ملیۆنان مرۆڤ دەدەن.

**(٣)**

**پایزی زەعیم ..بەهەشتی زیندان**

بوونی پەیوەندییەکی زۆر نزیک لە نێوان قەسیدەی پایزی زەعیم و ڕۆمانی پایزی پەتریارکی گابرێل گارسیا مارکیز و هەروەها نووسینی (لە پەراوێزی ڕۆمانی پایزی پەترێرکی مارکێزەوە) لەسەرەتای دەقەکە هێمای ئیلهامبوونی ڕۆمانەکەیە بۆ ئەو دەقە شیعرییە و ڕەوینەوەی گومانی هەر لێکدانەوەیەکی ترە بۆ سەرچاوە و لەدایکبوونی دەقی پایزی زەعیم. واتە کاک تەلعەت تاهیر نەهاتووە ناوەرۆکی ڕۆمانەکە بکاتە شیعر. بەڵکو هەوڵیداوە لە پەنجەرەیەکی تر و بەگۆشەنیگایەکی ترەوە لە پایزی زەعیمە ملهوڕەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست وردبێتەوە. بەراوردکردنی دەقی پایزی زەعیم و پایزی پەتریارک (نەک پەترێرک)کاری ئەدەبی بەراوردکارییە و پەیوەندی بەم باسەی منەوە نییە. بەڵام خاڵی هاوبەش لە هەردوو ناونیشانی دەقەکاندا پایزە. من لێرە کارم بەسەر پایزەکەی مارکیزەوە نییە، بەڵام بۆ پایزەکەی زەعیمی لەمەر خۆمان دەڵێم هەر تەنها گوزارشت لە وەرزێکی ساڵ نییە، بەڵکو پایز سیمبۆڵێکە بۆ نیشاندانی ڕەنگ زەردی و وشکبوونەوە، هێمایە بۆ گوزەشت بوونی سەوزی ژیان، نیشانەی نزیکبوونەوەیە لە کۆتایی. زەعیمەکان یان " سەرکردەکان تا ڕادەیەکی زۆر وەک چاوتێبڕینێکی گونجاو بۆ تێگەیشتن لە هەڵکشان و داکشانی وێنەی مێژوو دەناسرێنەوە"(٥) بەو پێیە ناسینی سەرکردە، ناسینی هەلومەرج و ئاستی هۆشیاری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەیە لە بڕگەیەکی زەمەندا. پایزی زەعیم وەک ناو و نیشانیش سیمبۆلی کۆتایی سیستمی زەعیمە و نزیکبوونەوەیە لە دۆخی ڕاپەڕین و شۆڕش.

**بەر دەخوات ، بەڵام دەستی لە جوانییەکانی درەخت بەربووە.**

**له کۆشکدایه ، بەڵام پێی له خۆشییەکانی پیاسه بەربووه.**

**کۆتری هەیه و بێ پەنجەرەی دۆست.**

**ترێی هەیه و شەرابی نییه!**

**هاواری هەیه و نابێته گۆرانی!** (دەقی پایزی زەعیم تەلعەت تاهیر )

زەعیم دەستی بە هەموو شتێک دەگات و چێژیان لێ نابێنێ، چی بوێ له ئیختیاریدایه و چی ئارەزوو بکات دەیخوا بەڵام لەزاری زەعیمەوه تامی هیچ نادەن. جوانی له چاوی زەعیمەوه بێرەونەقە، باغ و باغاتەکانی کۆشک جگه له زیندانێکی ڕەنگین هیچیتر نین.

**هێڵی تەمەن له دەستەکانیدا نابینرێ.**

**ناو لەپی ، وەک پێستی سکی بۆقێکی پیر ،**

**ساف و جیرە!**

**زەعیم:**

**زیندووێکی دیاری ،**

**مردنێکی نادیاره!** (دەقی پایزی زەعیم تەلعەت تاهیر )

ژیانی زەعیم نەخشە بۆ کێشراوە و دەبێ بەپێی ڕەچەته و ڕێنمایی پزیشکی تایبەت بژێت. وەک چۆن ژیانی زەعیم بۆ خەڵک ڕوون نییه، مردنیش نادیار دەبێ و چۆنیان بوێ(چۆن بەرژەوەندی بنەماڵه و خێزان و خێڵ ..ببوورن بەرژەوەندی گشتی و وڵات بخوازێ!!) وا ڕایدەگەیێنن. پایزی زەعیم هەر پایزی تەمەنی زەعیم نییه، بەڵکو ڕەوینەوەی ئەو ترس و بیمەیه که دەسەڵات بەدرێژایی ژیانی له دڵ و بیری خەڵکیدا چاوندوویەتی. زەعیمه فیرعەون ئاساکان وەک چۆن کاریان لەسەر تێکشکاندنی حورمەت و شکۆی خەڵکە، ئاواش کار لەسەر به بەهاربوونی دەسەڵاتیان دەکەن. بۆیه پایز لێرە هێمای زەنگێکی ترسناکه بۆ عەرشی دیکتاتۆره ملهوڕەکان. هێمایه بۆ ئەوەی سەرباری هەر شکۆ و دەسەڵاتێک سەرتاپای ژیانیان پایزە و خاڵییه له هەر خۆشی و چێژێکی سادە. شێوازی ژیان و چۆنییەتی فەرمانڕەوایی کردنی زەعیم به دەوری خۆی کارئاسانی دەکات له ناسینەوە و بەرجەستەکردنەوەی شوناسی زەعیم.

**(٤)**

**سەرئەنجام**

لێرەوه دەگەینه ئەو ئەنجامەی که شوناسی زەعیم دەبڵ شوناسه. زەعیم له یەک کاتدا بە هێزە و بێهێزە، خوێندەوارە و نەخوێندەوار، بەتوانایه و بێتوانا، به زەبرە و بێدەسەڵات، سەرحاڵه و نەخۆش، بەهەیبەتە و بوودەڵەیه، خاوەن فەرمانه و ژێردەستەی گلەیی و بۆڵەی دایکیەتی. ئەم دەبڵ شوناسە گوزارشته له دەبڵ ژیان و دەبڵ مۆراڵ و دەبل بیچم. دوو وێنەیی ژیان زەعیم ئەو ڕاستییه

حاشاهەڵنەگرەیە کە هەمووومان دەیزانین و نایڵێین، هەستی پێدەکەین و خۆمانی لێ گێل دەکەین، دەیبینین و چاومان لە ئاستیدا دادەخەین.. بە بۆچوونی من ئەمە ئەو جوانییەیە کە دەقی پایزی زەعیم لە خۆیدا هەڵیگرتووە.

سەرەنجام لە سیاقی دەقی "پایزی زەعیم"ی تەلعەت تاهیر و لە گەڕان بە دوای شوناسی زەعیمدا، دەتوانین بۆچوونەکانمان لەم خاڵانەدا چڕ بکەینەوە :

یەک : شوناسی زەعیم دەبڵ شوناسە. شوناسێکی پتەو و بە زەبر(شوناسی دەرەوە) و شوناسێکی لاواز و بوودەڵە(شوناسی ناوەوە). هەردوو شوناسەکە لە یەککاتدا زەعیمی لە تەناقوزاتێکدا هێشتۆتەوە و ناچارە لەبەردەم ڕای گشتی و دیوانی زەعامەتی خۆیدا نمایش بکات و وەک ئەکتەر ڕۆڵ ببێنی.

دوو : شوناسی زەعیم شوناسێکی ڕۆژهەلاتییە و هەمان تایبەتمەندی ڕۆژهەلاتیانەی هەیە کە خۆی لە پیادەکردنی ستەمی بێئەوپەڕدا دەبینێتەوە.. ئەمەش ڕێک پێچەوانەی پێوانە دیموکراسییەکانی دەسەلاتدارێتیی ڕۆژئاوایە. ئەم شوناسی ڕۆژهەلاتبوونە تایبەتمەندی ئەو زەعیم و سەرکردانەی ڕۆژهەلاتی ناوینن کە هەڵگری ڤایرۆسی دیکتاتۆریەتن.

سێ : دەقی پایزی زەعیم گەمەیەکی هونەری پارادۆکسییە و تەژییە لە ئایرۆنی. شاعیر لە ڕێگەی نیشاندانی تەناقوزاتی ژیانی زەعیمەوە بەلام بە ڕێگەیەکی هونەرسازی ئایرۆنی، پلەیەکی هونەریی بەرزی بە دەقەکەی بەخشیوە.

چوار : خەیاڵ و واقیع بە زمانێکی سادە و ساکار و جوان و بەرز نەخشێنراون.

پێنج : زمانی دەقەکە دوورە لە زمانی نوخبە و گەمەی ئاڵۆزی زمانەوانیی. شاعیر هەر ئەو ئامراز و ڕەگەزانە بەکار دەهێنێت کە مرۆڤێکی سادە بەزمانی سادە دەریان دەبڕێت. شاعیر لە خاڵبەندییەوە خوێنەر دەباتە نێو ئەو جیهانە سەرسوڕمانەکەی دەق.

شەش : حاڵەتی بەرز و نزمبوونەوەی وێناکردنی دۆخەکانی زەعیم حاڵەتێکی دراماتیکە و ئاستەکانی ژیان زەعیم بوونەتە پەیژەی ناسینەوەی شوناس.

ئەم ئیشکردنە لەسەر واقیع و وێناکردنی بیچمی زەعیم بەو ئاستە لە تەکنیک و هونەر چانسی ئەوە دەدا بە دەق تا لە دڵی خوێنەردا جێگای خۆی بکاتەوە و لەپانتایی یادەوەریدا بۆ ماوەیەکی زۆر بمێنێتەوە. دەقی "پایزی زەعیم " دەقێکی فرە ئاست و فرە پەلوپۆیە و گەلێ خوێندنەوەی تر هەڵدەگرێ کە خوێنەری ڕەخنەگر دەتوانێ ئیشی لەسەر بکات و لایەنە نادیارەکانی بخاتە ڕوو.

تێبینی : قەسیدەی "پایزی زەعیم" نووسینی کاک تەلعەت تاهیر لە ڕۆژنامەی هەواڵ ژمارە ٣٨٠ ساڵی ٢٠١٠ بلاو بۆتەوە. بەلام بۆ ئاگاداری خوێنەر، بۆ سەرجەم کۆپلە و نموونە شیعرەکانی نێو ئەم نووسینە من پشتم بەو دەقە بەستووە کە کاک تەلعەت تاهیر خۆی بۆی ناردم و بەڕێنووسی خۆی بلاوم کردوونەتەوە.

**سەرچاوەکان :**


١- Myth and Modern Writer Alan wall, 2009. From Myth, Metaphor, and Science Published by Chester Academic Press کە لەم سەرچاوەیەی خوارەوە وەرگیراوە.

http://www.rlf.org.uk/fellowshipscheme/writing/documents/MythandtheModernWriter.pdf

٢- The Myth series & Me Margaret Atwood Read magazine Volume 6 Issue 1 p 35

٣- دراسة في ادب الفولكلور الكردي الدكتور عزالدين مصطفى رسول دار الحرية الطباعة بغداد ١٩٨٧ ص ١٣.

٤- Roland Barthes Mythologies Translated by Annette Lavers USA 1972 page 109

٥- The New Psychology of Leadership Identity, Influence, and Power

S. Alexander Haslam, Stephen D. Re

icher and Michael J. Platow page 1

http://books.google.ca/books



## دیمانەیەک لەگەڵ

## تەڵعەت تاهیری شاعیر

**تەڵعەت تاهیر:**

**نهێنی نالی لەوەدایە هی هەموومانە و هی کەسیشمان نییە**

*** بە واتایەک کە وێڕای ئەوەی شیعر هونەری دەربڕینی خەیاڵ و هەستی شاعیرە، ئایا لە هەمان کاتیشدا بۆ خوێنەر چێژ بەخشینە ؟**

تەڵعەت تاهیر: ڕاستە شیعر لای شاعیرە ، بەڵام ژیان و گەشەکردنی شیعرەکە لای خوێنەرە، ماوەیەکی زۆر لای شاعیرانی ئێمە ( بە تایبەتی لە سەرەتای ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا ) تەوژمێک پەیدابوو کە دەیانگوت ( ئێمە شیعر بۆ خۆمان دەنووسین )، ئەم دەرکردنەی خوێنەر لە هاوکێشەی نێوان نووسەر و وەرگر، زیانێکی گەورەی بە گەشەکردنی شیعر گەیاند، تا ڕادەیەکی زۆر خوێنەری لە خوێندنەوەی شیعرەوە تەکاند، وەک ئەوە دەچوو شاعیر خۆی لە بەرانبەر دیواردا جوان بکات و باوەڕی بە ئاوێنە نەمێنێت، کە خوێنەر لە هەموو کاتەکاندا ئاوێنەیە بۆ نووسەر. بێگومان لێرەدا مەبەستم ئەوە نییە پێویست بکات شاعیر بە دڵی خوێنەر بنووسێت دابەزێتە هەمان لیڤڵی خواستەکانیان، زیاتر مەبەستمە بڵێم شیعری جوان ئەوەیە کە ئۆکتافیۆ باز دەڵێت ( خوێنەر دوای خوێندنەوەی، ئەویش حەز بکات ببێتە شاعیر )

***کەواتە چۆن دەکارین ڕێز لە بەها جوانناسییەکانی خوێنەر وەگرین، واتە (ڕەد ئیعتبار) بۆ خوێنەر بگەڕێنێتەوە کە بۆ هەمیشە شیعر ژانرێکی زیندووەوە بەجاویدانی دەمێنێتەوە ؟**

تەڵعەت تاهیر: گرفتی مێژوویی شاعیرانی کورد بە درێژایی مێژووی ئەدەبیاتی ئێمە ئەوە بووە کە شاعیرانمان پێش ئەوەی بەشوێن جوانیدا گەڕابن، بە شوێن هەقدا گەڕاون، واتا شیعری ئێمە

هێندەی دووانەی هەق بووە، دووانەی جوانی نەبووە، گەڕان بەدوای هەقدا لە ئەنجامدا لایەنگیر و دووژمن بەرهەم دێنێت، خودی هەق مەسەلەیەکی ڕێژەییە و ئەوەی لای تۆ هەقە، مەرج نییە لای من هەق بێت و پێچەوانەکەیشی ڕاستە. ئێمە تەنیا مەگەر نالیمان هەبێت کە بە شوێن جوانییەوە گەڕاوە، بۆیە دەبینین هەمیشە دەرەوشاوەیە، بۆیە خوێنەری دەقی ئێمە لە نێوان لایەنگیری و دووژمنایەتیدا قەتیس کراوە، باشە بۆچی شەکسپیر ئامادەگی هەیە لەناو هەموو سەردەمەکاندا، لەناو هەموو کلتوورەکاندا ؟ بۆچی تاوەکوو ئێستا هیچ ئاراستەیەکی فیکری و ئایدۆلۆژی نەیتوانیوە لە بەرانبەر دەقەکانیدا بڵێت لەل ؟ لەبەر ئەوەی هەموو خوێنەرەکانی شەکسپیر خۆیان تێدا دەدۆزنەوە، گەر شەکسپیر بە شوێن سەلماندنی ڕاستی و ڕەوایی فکرێک، یان فەلسەفەیەک، یان ئایدۆلۆژیایەک بوایە، ئەوا خوێنەرەکانیشی لە هەڵگر و هەوادارانی ئەو فەلسەفە و ئایدۆلۆژیایەدا قەتیس دەما. بەڕای من ئەو کاتەش دەتوانین ڕێز لە بەهاکانی خوێنەر بگرین، ئەو کاتەی دەبنە بەشدار و شەریکە بەشی نووسین، ئەو کاتەی نووسەران دەست لە ڕۆڵی تەربیە و تەعلیم هەڵدەگرن و خۆشیان دەبنەوە بە خوێنەر. بە ڕاشکاوی دەیڵێم کە لای ئێمە فاشییەتی مەعریفە هەیە، چۆن مەلایەک بە زانستی غەیبەوە دەنازێت، چۆن دکتۆرێک بە زانینی ئایندەی جەستەی مرۆڤێکەوە دەنازێت، چۆن سیاسیەک وا دەنوێنێت کە دواڕۆژی مرۆڤایەتی ناسیوە، ئاواش شاعیرانی کورد لە کەشکەڵانی فەلەکەوە لەئاستی خوێنەر و وەرگری دەقەکانیان ڕوانیوە، لێرەوە نووسەران بۆ گێڕانەوەی متمانەی خوێنەرەکانیان، بەر لە هەموو شتێک دەبێت خۆیان ببنەوە بە خوێنەر.

***لەم جەنجاڵی عەولەمە و تەکنەلۆجیا و شۆڕشی زانیاری و بازاڕی ڕەشی ئابووری و بێ بەهایی مافەکانی مرۆڤ و گەڵتەجاری دیموکراسییە، ئایا شیعر دەتوانێت وەک بوارەکانی دیکەی هزر و فەلسەفە پرسیار لای تاکی ئێمە درووست بکات ؟**

تەڵعەت تاهیر: لای من، شیعر دەرەنجامە و هاوکێشە نییە، ناتوانرێت بگوترێت شیعر وەک هزر و فەلسەفە کار دەکات، بەڵام دەتوانین بڵێین کە شیعر هزر و فەلسەفە لەخۆ دەگرێت. شیعر ژانرێکی زۆر بەتوانایە، شاعیر دەتوانێت لەناو بازنەی شیعرییەت دانیشێت و سوود لە هەموو ژانرەکانی ترەوە وەرگرێت، جا فەلسەفە بێت یان هزر و هتد ... ئەوەی لای ئێمە بە داخەوە زۆر جار بە پێچەوانەوە بووە، بۆ نموونە لە جیاتی ئەوەی حاجی قادری کۆیی لەناو بازنەی شیعرەوە سوود لە مێژوو ببینێت، دەبینین لە زۆربەی شیعرەکانیدا لەناو بازنەی مێژوودا (چەشنی مێژوو نووسێک)، دانیشتووە و سوودی لە شیعر بینیوە، یان مەحوی زۆر جار لە بازنەی دینداری دانیشتووە و سوودی لە شیعر بینیوە، کە دەبوایە بە پێچەوانە بێتت، بۆیە دەبینین لە زۆربەی قۆناغەکاندا ئێمە شیعری پەتیمان نییە، شیعر بۆ شیعرمان نییە، شیعر نەبۆتە ئامانج، هێندەی کراوە بە ئامراز، ئامرازی گەیاندنی بابەت.

***لەم ساڵانەی دواییدا لای زۆرێک لە شاعیرانی کورد بانگەشە بۆ فۆڕمەکانی داهێنان کرا، وەک (شاعیری گەورە، شاعیری داهێنەر، شاعیری نوێخواز، شاعیری جیاواز، شاعیری دەربار، شاعیری نەتەوە، ...هتد)، بەڕای تۆ ئەم هەموو دەربڕینانە بەڕاستی داهێنانی ئەدەبی بوون یان ڕێکلامی سیاسی بۆ شاعیرێک یان گرووپێک لە شاعیران ؟**

تەڵعەت تاهیر: ڕەوا نییە دەستەواژەی (داهێنانی ئەدەبی) بخرێتە پەڵ ئەو هەولانە. دنیای ئێمە دنیایەکی جەنجاڵ و پڕ لە دروشمی بەتاڵ بووە، مێژووی ئێمە مێژوویێکی تاسەر ئێسقان درۆزنە، ئەو مێژوویەی هەمووومان دەیزانین، ئەو مێژووە نییە کە منداڵەکانمان لە کتێبی قوتابخانەدا دەیخوێنن، لە کتێبەکاندا هەمووومان پەڵەوانین. کورد هەمووی فریشتە بووە، لە ڕاستیشدا مێژووی ئێمە حیکایەتێکی دوور و درێژە لە بەتاڵی و نەهامەتی، ئەو مێژووە ساختەیەش وەک هەموو بوارەکانی دیکە، شیعریشی گرتۆتەوە.

شیعر لەناو فەزای زماندا کار دەکات و هیچ پەیوەندییەکی بەو قسە سەقەتانەوە نییە.

***ئەدی ئەگەر وایە کوا ڕووبەری شیعری کوردی لەنێو جوگرافیای شاعیرانی وڵاتانی دەوروبەرو جیهاندا؟**

تەڵعەت تاهیر: کورد وەک چۆن لە جیهاندا لە سۆنگەی سۆز و بەزەیی بۆ نەتەوەیەکی مەینەتبەش سەیری کراوە، ئاواش سەیری ئەدەب و هونەری کراوە، کە ئەدەب و هونەری نەتەوەیەکی زوڵم لێکراوە، بۆیە دەبینی یەک دوو شاعیری کورد بە درێژایی مێژوو تەنیا خەڵاتی تۆخۆلسکیان وەرگرتووە، ئەو خەڵاتەش دوور و نزیک نرخ و بەهای هونەریی نییە، بەڵکو خەڵاتی دابینکردنی بژێوییە، لەوێشدا هەر لە کونی دەرگای بەزەیی و عەتفەوە تەماشای ئەدەب و هونەرمان کراوە، بۆیە دەبینی ئێمە شاعیری پلە یەک و هونەرمەندی پلە یەکمان نییە، چونکە ئەوە پەیوەندی بە تەبەنی کردنی دەزگای جیهانیی گەورەوە هەیە بۆ وەرگێڕان و بڵاوکردنەوە، پێم وایە چەندین ساڵی دیکەش شاعیرێکیی باشی کورد نابینی دەقەکانی وەرگێڕدرێن بۆ زمانەکانی دنیا، ئەوان تەنیا پێویستیان بە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس هەیە وەک باشترین نموونەی پاڕانەوەی کورد لە جیهان، جیهانیش بە شوێن جوانییەکانی کورددا ناگەڕێت، هێندەی نەغمەی ئەو نووسینانەی پێخۆشە کە وەک فریادڕەس وێنای دەکات.

***بەڕای تۆ ئەو هەموو مانیفێستە شیعریانەی کە لەڕابردوودا بڵاوکرانەوە، توانییان تەجاوزی سنووری تەقلیدی ئەزموونی خودی شاعیران خۆیان بکەن؟**

تەڵعەت تاهیر: بوونی مانیفێست بۆ مێژوو زۆر گرنگە، ئەدیبانی ئێمە بەباشی ئاوڕیان لە بەهای بڵاوکردنەوەی مانیفێست نەداوەتەوە. زۆربەی ئاراستە و ڕەوتە ئەدەبییەکان لە دوای مانیفێستەوە

خۆیان سەلماندووە و بوونەتە قۆناغێکی جیا لەوانی پێش خۆیان . لە دەرەوەی ئەو بەهایە گەر بێینە سەر تەجاوز کردن ئەوا من پێموایە هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆ نییە لە نێوان بەرهەمەکانی پێش و پاش بڵاوکردنەوەی مانیفێستەکان. بۆ نموونە جیاوازی شیعرێکی شێرکۆ بێکەس چییە لە پێش و لە دوای بڵاوکردنەوەی مانیفێستی ڕوانگە ؟ بێگوومان هیچ. حسێن عارف دوای بڵاوکردنەوەی مانیفێستی ڕوانگە ئایا زمان و داڕشتن و تەکنیکی چیرۆکەکانی گۆڕا ؟ بێگوومان نەخێر. خۆ دوای ڕوانگە جەلالی میرزا کەریم شیعری جیاوازی نەنووسی.

بەڵام ناکرێت باس لە گرنگی مانیفێستی ڕوانگە نەکرێت لە مێژووی شیعری تازەی کوردی، هەرچەندە بۆ خودی بەرهەمی ئیمزاکەرانی مانیفێستەکەش هیچ ئیزافەیەکی ئیبداعی نەبوو، بەڵام بەهای مێژووی خۆی پاراستووە.

***باشە چەمک و خەسڵەتەکانی داهێنانی شیعری لای شاعیرێکی داهێنەر چۆن بەرجەستە دەبن؟**

تەڵعەت تاهیر: لە شیعردا هەموو داهێنانێک لە فەزای زماندایە، زمان و داڕشتن و سیاقی نوێ، جۆگەلەی نوێی مانا و بابەت دەکاتەوە، هەموومان دەزانین هیچ بابەتێکی نوێ نییە کەوا شاعیران لێی بدوێن، هەموو بابەتەکان کۆنن: مردن، خۆشەویستی، تەنیایی، ڕابردوو، ئایندە، هتد... هەموو بابەتەکان لە هۆمیروس و ئۆڤیدەوە تا دەگاتە ئەمڕۆ باس دەکرێن، کەواتە ئەوەی جیاوازە زمان و فەزای زمانە، وەک ئەدۆنێس دەڵێت: (شیعر بوونەوەرێکی زمانەوانییە)

شاعیری داهێنەر ئەوەیە کە پەیوەندی نوێی نێوان شتەکان بدۆزێتەوە و ئەو گەڕەکە زمانەوانییە کەشف بکات کە تاوەکوو پێشە خۆی ئاو و کارەبای زانین و تامکردنیان بۆ نەچووە، سەرسوڕمانی خوێنەر بەرانبەر بەرهەمی نوێخوازێک بۆ ناوەڕۆک و بابەتەکەی نییە هێندەی بۆ زمان و داڕشتن و دراوسێتییە نوێکانی نێوان وشە و وشەیە.

***ئەو کێشانە چین ڕووبەڕووی ڕەخنەگرانی ئێمە دەبنەوە وەک لە جیاکردنەوەی ڕەگەزی، ناوچەگەرێتی، پەیوەندییە کەسێتیەکان...؟**

تەڵعەت تاهیر: بیری هۆزگەرێتی و تاقم تاقمێنە لە سەراپای ژیانی ئێمەدا بوونی هەیە، لە سیاسەت و کۆمەڵایەتی و ئەدەبیشدا تاکی ئێمە هەست بە ئەمان ناکات گەر خۆی نەخاتە پاڵ شتێکەاە، بۆیە دەبینین لە هەموو بوارەکانادا هەر یەکێکمان پاڵیداوە بە ئەوەی تردا و ئەویش لە پاڵ ئەوەی تردا پاڵکەوتووە، ئەوانەی بۆ نموونە لە حزبێکدان یان لە ڕێکخراوێکدا کار دەکەن، لەبەر ئەوە نییە کە پێی وایە یەک دنیابینی و ئایدیای هاوبەشیان هەیە، بەڵکو لەبەر ئەوەیە کەوا دەزانێت ئەوانی دیکە دەیپارێزن. واتا گرێبەستێکی هاوبەشە بۆ بەرگری و پاراستنی هاوبەشانە. خۆرئاواییەکان دەمێکە دەزانن کە فاشییەت ئەوەیە تاکێک بخەیتە ناو ئەدرێسێکی گشتی. با ڕوونتری بکەمەوە، کاتێ

خۆرئاواییەک: تاکێکی عەرەب دەخاتە ناو ئەدرێسی موسڵمانێتی ئەوا شەرعیەت دەداتە تۆمەتی تیرۆریست بوون و لەوێوە هەموو عەرەبکان لە ڕوانگەی کۆمەڵێ خۆرئاواییەوە ناشیرین دەکات و شەرعیەت دەداتە ئەزیەتدانی ئەو تاکە عەرەبە، یان بۆ نموونە ، کاتێ کوردێک یان عەرەبێک یەکتر دەخەنە ناو دروشمێکی گەورە، ئەوا شەرعیەت دەدەنە  ئەزیەتدانی یەکتر، بەڵام گەر بێینە سەر تاکێتی و مرۆڤبوون ئەوا ناتوانن یەکتر قبوڵنەکەن، من کوردم بینیوە پێی وابووە پێویستە عەرەبەکان لە بازگەکاندا سەغڵەت بکرێن، بەڵام ئەو کوردە گەر بێیتە سەر ئەوەی ئەو عەبە چەند بە نەهامەتی ژیاوە و منداڵەکانی لەبەر هەتاو دەوەستن و ڕەنگە بۆ چارەسەری ژنەکەی هاتبێتە کوردستان ئەوا ناتوانێت ڕێزی نەگرێت. لە ئەدەبیشدا کە من بمەوێت بتسرمەوە ئەوا دەتخەمە ژێر دروشمێکی گەورە و پێویستە تۆ باجی هەموو خراپیەکان بدەیت، بەڵام گەر وەکوو مرۆڤ وەکوو تاک بێمە سەر ئەوەی چەند بە ئەزیەت دەخوێنیتەوە و دەنووسیت، ئەوا بێگوومان ناتوانم ڕێزی بەرهەمەکانت نەگەرم، لە ناوەندی ئێستای ئەدەبی کوردیشدا ئەو گشتاندنە تەنیا بۆ سڕینەوەی تاکەکانە. تۆ وەکو تاک دەنووسیت و دەخوێنیتەوە کەچی دەتخەنە ناو گرووپ و تاقمێکی دەسنیشانکراو، تاوەکوو بەرهەمی ئینسانیانەی تۆ ون ببێت و باجی بازنەی ئەو تاقم و گرووپە بدەیت. لێرەوەش پەرە بە بیری ناوچەگەرێتی و ئینتمای حزبایەتی و گرووپایەتی دەدرێت و بەرهەمە زاتیەکەت لەناو دروشمێکی گشتی ناشیریندا نقووم دەکەن.

***تۆ دەمێکە لەژێر کاریگەری  شیعرەکانی ئەدۆنێس و ڕامبۆ و بۆدلیر دەنووسیت ، ئەی خۆت تا ئێستا هەوڵت نەداوە لەژێر کاریگەری ڕوئیا و کۆژان و ئەندیشەکانی خۆتدا بنووسیت؟**

تەڵعەت تاهیر: هیچ کەسێک بەدەر نییە لە کاریگەری، ئەو ناوانەی بەڕێزیشت هێناوتن تاکە سەرچاوە دنیابینی من نەبوون، من بە داخەوە تەنیا ئەدۆنێسم بوو زمانە خوێندۆتەوە کە پێی نووسیوە، دەنا من بۆدلێر و ڕامبۆم بەزمانی عەرەبی خوێندۆتەوە کە تاکە پەنجەرە بووە لێیەوە بڕوانمە باخچەی دیکەی دەق و دنیابینی، زۆر سەرسامیش بوومە بەو یاخیبوونەی ڕامبۆ و گەڕانی بە شوێن گۆڕینی ڕوانین و تەماشا و دۆزینەوەی دەلاقەی تر بۆ سەیر کردنی مرۆڤ و جیهان. گەر ڕاستیت دەوێ من زیاتر لە ژێر کاریگەری نالیدام، بێگوومان وەک ڕوئیا و دنیابینی، نەک وەک داڕشتن (چونکە سەد ساڵە ئەم جۆرە شیعرانە نەماون) بەڵام لە نالیدا وانەیەک هەیە بۆ هەمووومان، کە بریتییە لەوەی لە نهێنی مانەوەی نالی تێبگەین، بزانین نالی بۆیە ماوەتەوە چونکە ئامادە نەبوو ببێتە شاعیری فەلسەفەیەک بە تەنیا، شاعیری ئەمارەتێک بە تەنیا، شاعیری ژن و غەرەل بە تەنیا، بەڵکوو نالی هەموو ئاراستەکانی لە خۆیدا کۆکردۆتەوە و بە تەنیاش موڵکی هیچیان نییە، فەلسەفە و ئەمارەت و ژن و تەنیایی لەیەک بۆتەقەدا تواندۆتەوە کە زمانە. کەس خاوەنی شیعری نالی نییە، بەڵام نالی خاوەنی هەمووانە.

تێبینی: ئەم گفتوگیە لەلایەن شاعیر و ڕوناکبیر فەرەیدون سامانەوە ئەنجام دراوە و لە لاپەڕەی کەلتوری ڕۆژنامەیٚ ئالآی ئازادی لە مانگی ئەیلولی 2011 بلاْوکراوەتەوە.

## کۆکردنەوە و پێداچوونەوە و ئامادەکردنی

### ئەحمەد ستار

# ئەدەب - گێڕانەوە



## شاڵی تاتار

به تێڕامانێکەوە لەبەر دەرگای کۆلێژ چاوەڕێم . چاوەڕێی هاتنی دەکەم، گوێ شل دەکەم بۆ ئەوەی تەقەی پێڵاوە پاژنەبەرزەکانی بگاتە گوێم .

هاودەمی گیانم لەبەر دەرگای کۆلێژ وەکو خۆرێک کە تازە لە وەیشوومی لەگەڵ تریفەی مانگ براوە بووە؛ بۆم هەڵهات.دیسان شاڵە تاتارەکەی بەسەر شانی چۆڕبۆتەوە و، هەندێجار بۆ لای چەپ کەمێ شانی ئەتەکێنێ، لچکێکی شاڵەکە دادەماڵدرێ؛ بە فیزێکەوە دووبارە دەیکاتەوە سەر شانی و بە ڕەوتی تیژڕەوی لەبەرچاوان وون دەبێ. من بەوە ناسراوم لەگەڵ هەر پێکەنینێک هەوری

ئاسمانم ڕەنگی لە ساماڵەوە دەگۆڕێ بۆ هەورێکی چڕ و تووش لێ ماوەیەکە ڕاماوم، چونکە کاتێک بزەی هەمیشە سەر ڕووخسارە جوانەکەی دەبینم هێندەی تر ڕموودەی بینینی باڵای کاژیم دەکا . بەدەم لێکدانەوەی ئەم تەژەی تووشی بووم منیش خەندەیەکی دەستکردی ئاڕاستە دەکەم.

لەمڕۆوە چرکەی هەموو ڕۆژەکانم لێ بووە بە چاوەڕێ بوون بۆ چەند هەنگاوێک...

بەڵێ چاوەڕوانی بەر دەرگای کۆلێژ خۆشترین ساتەکانی ژیانمە کە تاوەکو ئێستا هەستم بە وەها چێژ و خۆشییەک نەکردبوو .

چاوەڕێم بێت و کەمێک نیگای بکەوێتە سەرچاوم و لە باڵای پڕ شتڵ و کەمەرەی بە پشت نووساومەوە بڕوانێ و خەندەیەکم بۆ هەڵاوێرێ؛ بەڵکو بتوانم کەمێک خۆم کۆکەمەوە لەم دەستخەڕۆییەی تێی کەوتووم .لە چنگی ئەو نەجاتم بێ و منیش بزەیەکی دەستکردی بۆ هەڵاوێم، کەمێک شاهێنی چاوی ببینم، دەزانم ڕەنگە بە چاوی ئەو من قۆشمەچییەک دیار بم :هەموو ڕۆژێک پیشەی چاوگۆڕینە بەنێو کچە جوانئاساکانی وەکوو ئەو، کەچی منێکی تەزیو بە هیوای ئەوەم لێی بڕوانم بەڵکو کەمێک خورپەی دڵم لە سەماکردن و هەڵاواسانی دەوەستێ و تۆزقاڵێک هێوری بەخۆیەوە دەبینێ.

بەڵێ ئەوە منم کە زیاتر لە چەند ڕۆژێکە ئەمە کاری منە دێمە بەردەم دەرگای کۆلێژ و چاوەڕێی هاتنی دەکەم .تا ئەو کاتەی دیاری دەدا!

# کتێبخانە و من!



هاوڕێ باخەوان

٢٠٢١

زۆر منداڵ بووم کە، دەستم بە خوێندنەوە کرد. لە هەر شوێنێک کتێبێکم بدیایە وەک ماگنێت ڕایدەکێشام، دەمکڕی یان وەرمدەگرت و دەمخوێندەوە. هێشتا زۆر منداڵ بووم کە بوومە خاوەنی کتێبخانەیەکی خنجیلانە! ساڵ بە ساڵ ژمارەی کتێبەکانم زۆرتر دەبوون، تاوای لێهات لە پۆلی دووی ناوەندی لادیوارێک کتێبم هەبوو. هەمووشیم خوێندبووەوە. دیارە بە کتێبیشەوە نەدەوەستام و گۆڤار و بڵاوکراوەکانی بەیان، ڕۆشنبیری نوێ، ڕۆژی کورد، کاروان، هاوکاری و پاشکۆی ئێراق-م دانە بوێر نەدەکرد و تەنانەت ئەوانەشی کە (جاش)قەڵەمەکان بۆ شەڕی قادسیەیان دەنووسی ئەوانیشم دەخوێندنەوە.

ئەو کاتی کتێب زۆر نەبوون و من هەر زمانی کوردیم دەزانی و بەو زمانە دەمخوێندەوە. هەندێک جار کە کاروان یان بەیان دوادەکەوت، ژمارەکەی پێشووترم جارێکی تر دەخوێندەوە.

کتێب بۆ من شتێکی ئەفسووناوی بوو، کاتێک دەمکڕی چەند خولەکێک لە بەرگ و ناوەڕۆکیم دەڕوانی. ئەگەر کتێبەکە کۆن و پەڕەی زەرد بووایە، بۆنیم دەکرد! ئەو پەڕە زەرد و مەرەکەبە شتێکی سەیر بوو بۆ من کە ئاسوودەی دەکردم!

هەر خۆشەویستیی خوێندنەوەش بوو، وایکرد هەر لە زووەوە دەست بکەمە نووسین. کتێب بووبووە گرنگرین جوانترین شمەکەکانی ماڵ لەلام، بچووومایەتە هەر شوێنێک سەیری دار و دیوارەکەییم دەکرد، تاوەکو بزانم کتێب و کتێبخانەی تێدایە یان نا!

ئەو کاتەی کە بوومە خاوەنی لادیوارێک کتێب، لە دووی ناوەندی بووم، دروست ساڵی **١٩٧٩**. هاوینی ئەوساڵە بەهۆی (وەک دەڵێن) شۆڕتی کارەباوە نهۆمی سەرەوەی ماڵەکەمان سووتا. وابزانم ئەوکات ٥٠٠ بۆ ١٠٠٠ کتێب و گۆڤارم دەبوو! هەموویان بوونە خۆراکی ئاگر، تەنانەت دەفتەری شیعرەکەشم سووتا. من بۆ کتێبەکانم زۆر گریام، زۆر زۆر! بیرمە تاکە کتێب کە بۆم دەرچوو نامیلکەی (زێرینیای ئامێدی، کچە کوردی قارەمان)ی میرزا مەنگوڕی بوو. ئێستاش ئەو کتێبەم بەیادی یەکەم کتێبخانەی خۆم لە هۆڵندا پاراستووە.

ڕەوانشادی باوکم زۆر دڵی دامەوە کە هەموویم بۆ بکڕێتەوە. هەر زوو بە کاک عومەری مەکتەبەی سلێمانی-ی گوت کە زۆر دۆستی بوو و زوو زوو لەوێ دادەنیشت، کە هاوڕێ هەر کتێبێکی برد پارەی لێوەرمەگرە و خۆم چارەسەری دەکەم. سوپاس باوکە گیان، کە زوو منت کردەوە خاوەنی کتێبخانە.

تا گەییشتمە زانکۆ کتێبخانەکەم بووەوە زۆرتر لە هەزار. لە زانکۆ، لە یەکەم ڕۆژی خوێندنمدا لە کۆلیژی یاسا لە زانکۆی موسڵ، کاک (هەژار

کامەلا)م ناسی، خوێنەرێکی باش بوو و هەر زوو بووینە دوو هاوڕێ و تا ڕۆژی ئەمڕۆش بووینە هاوڕێی تەمەن.

ڕۆژانە پاش دەوامی خوێندن و نانخواردن، هەژار و من دەوکەوتینە کتێبخانەکانی موسڵ، کە زۆربەیان لە ناوچەی دەواسە بوون. ئیدی لەو ساڵەوە سەرباری خوێندنەوەی کوردی، عەرەبیشمان دەخوێندەوە. هەرچی دەربارەی کورد و کوردستان بووایە، یان پەیوەندیی ڕاستەوخۆ، ناڕاستەوخۆی بە ئێمەوە ببووایە دەمانکڕی و دەمانخوێندەوە. پارەی من و هەژار کە لە ماڵەوە وەرماندەگرت لەگەڵ ئەو پارەیەی ئەو کات لە زانکۆ وەک یارمەتیی دەوڵەت وەرماندەگرت کە ٢٠ دیناری ئەوکات بوو، بۆ سێ شت دەڕۆیشت: خواردن، کرێی پاس و تاکسی تاوەکو ئەو بچێتەوە هەولێر و منیش بۆ سلێمانی، سێیەم و زۆرترینی بۆ کتێب بوو.) کە زانکۆم تەواوکرد، کتێبخانەکەم بووبووە باشترینی ئەو سەردەمە و هەزاران کتێبم هەبوو. بیرمە مامۆستا جەمال ڕەشید ئەحمەد هاتە ماڵمان و کە کتێبخانەکەمی بینی حەپەسا، کە من بەو تەمەنە کەمەوە کتێبخانەیەکی واهیم هەبووە! یادی بەخێر.

پاش ڕاپەڕین، چوومە دەرەوەی وڵات، کتێبخانەکەمم جێهێشت. هەندێکیانم بردە هۆڵندا و هەندێکیان فەوتان و هەندێکیشیان ئێستاش لە ماڵی باوکمە.

لە هۆڵندا دیسان کەوتمەوە دروستکردنەوەی کتێبخانەکەم، کەم گەشتی گەڕانەوەم لە کوردستانەوە بۆ هۆڵندا بووە کە کتێبم پێ نەبووبێت. یان هاوڕێ و خزمانم لە گەڕانەوەیاندا کتێبیان بۆ نەهێنابم. تەنانەت هاوژینەکەم لە گەشتێکیدا تەواوی گۆڤارەکانی کۆڕی زانیاریی کوردی بۆ هێنام و هەمووی بە کۆڵ لە سێمیلکا بۆ ڕۆژاوا پەڕاندبووەوە!

لە ناوەڕاستی نەوەدەکانی سەدەی بیستەوە، کەمە کەمە کتێبی ئەلەکترۆنی پەیدابوو. من هەرچییەکەم بەردەست بکەوتایە لای خۆم دەمپاراست. ئیدی وردە وردە زۆر بوون و دۆزینەوەیان لەسەر کۆمپیوتەر و هارد دیسکەکانم ئاسان نەبوون، هەر کتێب نەبوو بەتەنها، گۆڤار، ڕۆژنامە، وێنە، دۆکومێنت و زۆری تر..

دۆزینەوەی ئەوانە بۆ من ئاسان نەبوون، چونکە هەندێکجار دەمویست وەک سەرچاوە بۆ نووسینەکانم بەکاریان بهێنم، هەربۆیە بۆ ئاسان دۆزینەوەیان ماشێنێکی گەڕانم بۆ خۆم دروستکرد تاوەکو بەئاسانی بیاندۆزمەوە و پاشتر بووە سەرەتای دامەزراندنی داتابەیس و فایلنامەی کوردیپێدیا.

وازم لە کتێبخانە هێنا و ئەو کتێبانەشی کە پێویستم نەبوون، بەخشیمن. ئێستا هەر چەند سەد کێبێکم ماوە کە زۆرم خۆشدەوێن، کۆنن یان وەک دیاری پێشکەشیان کردووم و پاراستوومن.

ئێستا و لەم ڕۆژانەدا (سەرەتای مانگی مایی ٢٠٢١) ژمارەی کتێبخانە دیجیتاڵییەکەی کوردیپێدیا بووەتە دەستەیەکی هەزاری. بە هەوڵی کوردیپێدیا و هاوکارانم، هەموو تاکێکی کوردمان کردووەتە خاوەنی دوازدە هەزار کتێب! مۆبایلەکەت بکەرەوە و سەیری کتێبخانەی کوردیپێدیا بکە، دەبینی کە خاوەنی دوازدە هەزار کتێبی! کتێبەکان هەموویان دەربارەی کوردستان و کوردن، فرە زمانن، پۆلێن کراون و بە ئاسانی بە ناو یان ناوی نووسەر، وەرگێڕ، وەشانخانە دەیاندۆزیتەوە. یاخود پۆلەکەی؛ ڕۆمان، مێژوو، ئایین، هۆنراوە و هتد.

هیوادارم لەگەڵ هاوکارانم لە داهاتوودا ئەو دوازدە هەزارە بکەینە دوو هێندە و زۆرتریش. لێرەدا جێی خۆیەتی کە بڵێم:


کوردیپێدیا بەهیچ جۆرێک، هیچ پەڕتووکێک لە کاغەزەوە دیجیتایز ناکات، هەر پەڕتووکێک لەم پەڕتووکخانەیەدا لەلایەن کەس و ڕێکخراوانی سێیەمەوە دیجیتایز کراوە و کوردیپێدیاش وەریگرتووە یان لە خاوەنەکەیەوە بۆمان نێردراوە.

ئەگەرچی ئێستا بەهۆی کوردیپێدیاوە ئێمە خاوەنی یەکەم گەورەترین، یان یەک لە گەورەترین کتێبخانە دیجیتاڵەکانین، بەڵام هەر بیری کتێبەکانی جارانم دەکەم. بیری چاپە کۆنەکەی تاریک و ڕوونی هێمن و چەپکێک لە گوڵزاری نالی دەکەم. بۆنی کتێبە کۆنەکان هەر لە مێشک و لووتمدا م اون!

**هاوڕێ باخەوان**

# سەکۆی هزر

## گۆڤارێکی ڕۆشنبیری هزرییە




سەکۆی هزر

گۆڤاری ئەلیکترۆنی